گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/0cv9xe63
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی(LRD)لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەبابەتی مێژو

**ڕەوا صالح محمد[١] - هێمن محمود احمد[٢]**
hemnmahmud85@gmail.com rawa.mohammed@su.edu.krd
[١]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە"زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی(LRD) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەبابەتی مێژو"

توێژەر لەم توێژینەوەیە ڕێبازی ئەزمونی پەیڕەو کرد و پشتی بەست بە دیزاینی ئەزمونی بۆ دو کۆمەڵە (کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو)، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتوە لە هەمو قوتابیانی کچ لەپۆلی یازدەمی وێژەیی لەقوتابخانەی ئامادەیی ئارینکۆی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، نمونەی توێژینەوەکە (٤٣)قوتابی کچی لە خۆگرتبو کەهەرەمەکیان بەسەر دو کۆمەڵە دابەشکران، بەشێوەیەك کۆمەڵەی ئەزمونی بەستراتیژییەتی(LRD)وانەیان پێگوتراو(٢٠) قوتابی لەخۆگرتبو هەروەها کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو(٢٠)قوتابی بون ڕێگای ئاسایی وانەیان خوێند.هاوسەنگی توێژینەوەکە (نمرەکانی بابەتی مێژو بۆ ساڵی پێشو، نمرەکانی تاقیکردنەوەی زیرەکی (جۆن ڕاڤن)، دەستکەوتی ئەکادیمی دایک و باوکان، هەژمارکردنی تەمەنی قوتابیان بەمانگ) بابەتە پەروەردەییەکە دیاریکرد لە بەندی چوارەم و پێنجەم لەکتێبی مێژوی نوێ وهاوچەرخ. توێژەر هەڵسابە ئامادەکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بەپێی ئاستەکانی بلۆم (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) ژمارەیان(١٣٠)ئامانجی ڕەفتاری بو، هەروەها پلانی وانەوتنەوەی بۆ بابەتەکانی ئامادەکرد کە پێکهاتبولە(٣) پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە لە هەفتەیەکدا بۆ هەر کۆمەڵەیەکی توێژینەوە. توێژەر ئامرازی دەسکەوتی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی ئامادەکرد تاقیکردنەوەی دەسکەوتی خوێندن کەژمارەی برگەکانی گەیشتە(٥٠)برگە لە جۆری هەڵبژاردن ڕاستگۆییەکەی پشتڕاستکرایەوە بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك شارەزایان وەدوای دەرهێنانی هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکەرەوەو جێگیری تاقیکردنەوەکە بەبەکارهێنانی ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە والفا کرونباخ ڕێژەکەی(0.87)کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە. بەمەش برگەکانی تاقیکردنەوەکە لە شێوەی کۆتایی پێکهات لە(43)برگە پێکهات، دوای کۆتای هاتنی تاقیکردنەوەکە بۆ ماوەی (١٢) هەفتە، توێژەر ئامرازەکانی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرد و دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بەبەکارهێنانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری (SPSS)، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامە، بونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە ئاستی(٠,٠٥)لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەکانی هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکەلە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بۆبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنی

**کلیلی وشەکان:**کاریگەری، ستراتیژی(LRD)، دەستکەوت خوێندن، پۆلی یازدەمی ئامادەیی.

# The Effect of Listen-Read-Discuss (LRD) Strategy on Academic Achievement in History Among Eleventh-Grade Students.

**[2]Rawa Salih Mohammed[1] - Hemn Mahmood Ahmed[2]**

[1]Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Department of Kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study aims to determine the effect of using Listen-Read-Discuss (LRD)strategy on the academic achievement of eleventh-grade students in History.

The researcher followed the experimental approach, relying on two experimental designs (an experimental group and a control group).The research population consisted of all eleventh-grade female literary students at Arenko High School for 2024-2025. The study sample included 43 female students, randomly divided into two groups: the experimental group was 20 students, which they were taught using LRD strategy, and the control group was 20 students, which they were taught using the traditional method.

The study's balance included previous year's History grades, Raven IQ test scores, parents' academic achievement, and students' ages in months. The researcher identified the educational material in Chapters 4 and 5 of the New and Contemporary History textbook. He developed behavioral objectives based on Bloom's levels (remembering, understanding, applying, and analyzing) which they were 130 behavioral objectives. He also prepared lesson plans for the academic subjects consisting of three daily lesson plans per week for each research group.

The researcher has identified the data collection tools to achieve the research objectives via achievement test, which they were (50) items of multiple-choice type, and its validity was confirmed by presenting them to a group of experts, after calculating the ease or difficulty coefficient, discriminatory power and reliability of the test by using Cronbach's alpha coefficient showed (0.87), which is a high rate, and thus the final test consisted of 43 items.

After the end of the experiment, which lasted 12 weeks, the researcher applied the tools to the study sample. After collecting and analyzing the data using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS), the researcher reached this result, there were statistically significant differences at the level of (0.05) between the mean scores of the two research groups in the academic achievement test in favor of the experimental group.

In light of the study results, the researcher reached a number of conclusions, recommendations and suggestions.

Keywords: Impact, LRD Strategy, Academic Achievement, Grade 11, History

## ناساندنی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە

سەرەڕای گۆڕانکارییە خێراکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی تەکنەلۆژی و مەعریفیدا، هێشتا لاوازی لە ڕاستی بونی پەروەردەیی دامەزراوە پەروەردەییەکاندا هەیەو پەروەردەکاران نزیکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هۆکاری ئەم لاوازییە لە پەروەردە، بەکارهێنانی شێوازە پەیڕەوکراوی/ تەقلیدی لە قوتابخانەکانماندا بەبەراورد بەو پێشکەوتن و ڕەوتە مۆدێرنانەی کە چونەتە ناو پەروەردە و شێوازەکانی وانەوتنەوە(الحسناوي،٢٠١١، ١٣).
مێژو یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و بنەڕەتیانەی کەلەسەرجەم ئاستە ئەکادیمیەکان دەخوێندرێت، بەمەش قوتابیان دەتوانن لە ڕۆڵی کەلتوری نەتەوەکەیان و کاریگەرییەکانی لەجیهانی هاوچەرخدا تێبگەن، ئەمەش بەو مانایەی قوتابیەکان باشتر لەڕاستییەکان بگەن، توانای بیرکردنەوە بەدەستبهێنێت کە ئامانجیان تێگەیشتنە لەڕابردو ئەو وانانەی لێی فێربون، ئەم ئامانجانە تەنها لەڕێگەی مامۆستایانی مێژو بەدی دەهێنرێن کە پشت بە ڕێگا و ستراتیژییەتی مۆدێرن دەبەستن. بۆ یارمەتیدانی قوتابیان بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان (الزند،٢٠٠٤، ٣٤٣).
دوای ئەوەی توێژەر لەئەنجامەکانی چەندان توێژینەوەی ئەزمونی دڵنیابویەوە کەلە بارەی ستراتیژو ڕێگا جیاوازەکانی وانەوتنەوەی بابەتی مێژو ئەنجام دراوان وەکو توێژینەوەکانی (العزاوي، ٢٠١٢) توێژینەوەی (عبدالكاظم،٢٠٠٥) توێژینەوەی (النعيمي، ٢٠١٦)، هۆکاری دابەزینی ئاستی قوتابیان لەبابەتی مێژو دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شێوازە پەیڕەوکراو/تەقلیدیە)ی کە هەیە.
هەروەها یەکەمین کۆنفراسی زانستی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە بواری پەرروەردە و فێرکردندا لە ڕێکەوتی(٢٧و٢٨/٤/٢٠١٩) و سێیەمین کۆنفراسی زانستی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سلێمانی لەبارەی جۆرێتی پەروەردە لە عێراق لە ڕێکەوتی(٢١و٢٢/١٤/٢٠٢١)کە پێشنیاری بەکارهێنانی ڕێگا نوێیەکان دەکەن لە وانەوتنەوەدا.
بۆ زیاتر دڵنیابون لە کێشەی توێژینەوە توێژەر هەڵسا بەئەنجامدانی چەندین چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی کراوە لە دو پرسیار پێکهاتبو، یەکەمیان: ئایا ستراتیژییەکانی فێربونی چالاک لە فێرکردنی بابەتەکانی مێژو بەکاردەهێنن، دوەمیان: هۆکاری نزمی ئاستی دەستکەوتی فێرخوازان لەلای قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لەبابەتی مێژو بۆچی دەگەڕێنیەوە، دوای وەڵام دانەوەی مامۆستایان سەرجەم مامۆستایان جەخت دەکەنەوە کە گرفت هەیە مامۆستایان ستراتیژییەت و ڕێگایە نوێیەکانی وانەوتنەوە بەکارناهێنن هەر لەسەر شێوازی ڕێگای ئاسایی تەقلیدی بەکاردەهێنن، ئەمەش کاریگەی دەبێت لەسەر قوتابیان لە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیان گەڕاندیانەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: (گرانی پرۆگرام زەحمەتی زۆری تێدایە بەشێوەیەک دارێژراوە قوتابیان ئەو زانیاریانەی وەریدەگرن زو بیریان دەچێتەوە و بیرکردنەوەو تێڕامانی تێدانییە، زۆری ژمارەی قوتابیان لە هۆڵەکان بەشێک لە مامۆستایان و قوتابیان سەرقاڵبون بە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەش وایکردوە دوربکەونەوە لە خۆپێگەیاندنی زیاترو شارەزابونیان لەفەلسەفەی نوێ پەروەردەیی و تیۆرەکانی فێربون و فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی و کەمی کاتی وانەوتنەوە و گرنگینەدان بەئەرکی ڕۆژانە.
لەسۆنگەی هەستکردن بەبونی ئەم کێشە لەقوتابخانەکان توێژەر هەوڵیداوە لەڕێگای بەکارهێنانی ستراتیژییەتی(LRD) لە بواری مێژو پەرە بەتواناکانی قوتابیان بدات، توێژەر گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار دیاریدەکات و چارەسەری کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە دە بینێتەوە: ئایا ستراتیژییەتی(LRD)کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژو لەلای قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی هەیە؟

### گرنگی توێژینەوە

پەروەردە جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە تواناکانی فێربونی فێرخوازان دەکاتەوە، بە هاندانی فێربونی ئەرێنی نەک فێربونی نەرێنی، فێرخوازان دەستکەوتێکی باشتر بەدەستدەهێنن کاتێک بەشێوەیەکی چالاک و ئەرێنی فێردەبن نەک تەنها گوێ لە وانەکان بگرن. (اوتشيد وآخرون،١٩٩٨، ٣٩) ئەمەش وادەکات کە پەیڕەوی پەروەردەیی هەمو لایەنەکانی مرۆڤ لەبەرچاوبگرێت، (ڕەفتاری، جەستەیی، دەرونی، عقلی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری)، لە کاتێکدا کە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و دەرونییەکان پێویستی فێرخوازیان بە زانیاری سەلماندوە، کە ژیان ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ئێستا و داهاتو پێداویستییەکان و مەیل ئارەزو و تواناکانی لەبەرچاوبگرێت و بەشداربێت لە گەشەسەندنی دەرونی و عقلی و جەستەیی.(الفتلاوي، ٢٠٠٦، ٣٣).
(العجرش، ٢٠١٣): مێژو ئەرکی بنیاتنانی مرۆڤە لە ڕوی دەرونی و سۆزدارییەوە تا ئاستێکی قبوڵکراوی شارەزایی بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەش دەبێت گرنگی بەلێکۆڵینەوەی بابەتە مێژوییەکان بدات، مێژو تەنها زانستی ڕابردو نییە، بەڵکو زانستێکە کە ئامانجی

کۆکردنەوە و تۆمارکردن و لێکدانەوەی زانیارییەکانە و تیشک دەخاتە سەر ڕونکردنەوەو هۆکارەکانی پەیوەندی نێوان لایەنەکان لە ڕابردو ئێستادا و لێکدانەوەی ئەو گەشەسەندنەی کە لە ژیانی گەلانی کۆن ڕویداوە.(العجرش، ٢٠١٣، ١٣).

گرنگی ستراتیژییەکە(LRD) لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاسانکاری دەکات بۆ ڕێکارەکانی بیرهاتنەوەی زانیارییەکان لە زۆرێک لە بابەتەکاندا، بەو پێیەی پەیوەستە بەژینگەی فێرخواز و ئەوشتانەی کە پێی ئاشنایە و توانای دەرونی قوتابیان چالاک دەکات و یارمەتی دەدات کە ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێت ماناداربێت و پەیوەندی بە واقیعەکەیەوە هەبێت.(قطامی،٢٠١٣، ٢٩٨).

ستراتیژی( گوێگرتن - بخوێنەوە - گفتوگۆبکە)(LRD)یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربونی چالاک یارمەتی فێرخواز دەدات لەکاتی خوێندنەوەدا لەدەقەکە تێبگەن، هەروەها پێش خوێندنەوە فێرخوازەکان گوێ لە کورتە وتارێک دەگرن کە مامۆستا ئامادەی کردوە پاشان فێرخوازەکان دەق دیاریکراو لەسەر بابەتی وانەکە دەخوێننەوە، دوای خوێندنەوە گروپێکی گفتوگۆی گەورە یان گروپی گفتوگۆی بچوک لەسەر بابەتی وانەکە پێکدەهێنرێت لەکاتی گفتوگۆکەدا فێرخوازەکان زانیارییەکانی وانەکە بەراورد دەکەن لەگەڵ زانیارییەکانی ناو دەقەکە کە لەئەنجامدا پەیوەندییەک لە نێوانیاندا دروست دەبێت و پێش خوێندنەوە یان لەکاتی خوێندنەوەدا بەکاردێت.(الشمری، ٢٠١١، ١٥٧).

ڕۆڵی خوێندکار لەڕێگای ئەم ستراتیژە ئاگادار بونییەتی لەوەی چی دەخوێنێتەوە دوای ئەوەی پوختەیەک لەو شتانە دەیخوێنێتەوە کە خراوەتەڕو، خوێندکار سود لەوە وەردەگرێت کە خوێندویەتییەوە، مەبەستم ئەوەیە بابەتەکە لە یادگەی دەمێنێتەوە و دەیبەستێتەوە بە یادەوەرییەکەیەوە و دەبێتە سەرمایەیەک بۆی (ال عبدالله، ٢٠١٢، ١٧).

ڕۆڵی مامۆستا لەم ستراتیژییە کاریگەرە پەیوەستە بەو ڕێگاو شێوازانەی کە دەیگرێتەبەر لەناو هۆڵی خوێندندا بۆ زیاتر سەرنجراکێشانی فێرخوازەکانی، باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیژانە بگرێتەبەر کە خوێندکار تیایاندا کارایە و ڕۆڵی چالاکی هەیە. مامۆستا هەوڵدەدات زانیاری و لێهاتوییەکانی بگەیەنێنە فێرخوازان بەخستنەگەڕی ڕێگا و شێوازە گونجاوەکان بۆ ئامادەکردنی فێرخواز لە ڕوی دەرونی و ئاڕاستەی زانستی.(احمد،٢٠٢٢، ٤).

**گرنگی توێژینەوەکە لەم لایەنانەی خوارەوەدایە:**

یەکەم: ستراتیژیەتی(گوێبگرە، بخوێنەوە، گفتوگۆبکە) (LRD) گرنگە لە بواری پەروەردە، بەو پێیەی ستراتیژێکی مۆدێرنە لەسەر بنەمای فێربونی چالاک. هەروەها جەخت لەسەرکاری هاوبەش دەکاتەوە بەوپێیەی پاڵنەری قوتابیان بۆفێربون زیاددەکات ئەمەش ئەوەیە کە فەلسەفەی پەروەردەیی مۆدێرن جەختی لەسەر دەکاتەوە.

دوەم:گرنگی دەستکەوتی ئەکادیمی بەوپێیەی پێوەرێکە بۆ ڕادەی تێگەیشتن وەرگرتنی ئەو بابە تانەی کە فێرکراون و لە ماوەی لێکۆڵینەوە لەئامانجە فێرکارییەکان.

سێ یەم: گرنگی ستراتیژییەتی(LRD)لە بابەتی مێژو دەبێتە هاندانێک بۆ گرنگیدان بابەتی مێژو.

چوارەم: گرنگیدان و توێژینەوە لە بابەتی مێژو دەبێتە هۆی ئاشنابون بۆ چارەسەر کردن و پڕکردنەوەی ئە و بۆشاییەی کە قوتابی پێویستی پێیدەبێت بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ڕۆژگارو سەردەمەکان لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

پێنجەم:گرنگی قۆناغی ئامادەیی بەشێوەیەکی گشتی وەک پەیوەندییەک وایە لە نێوان خوێندنی قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و قۆناغی سەرەتای زانکۆ، پۆلی پێنجەمی ئامادیی وێژەیی بەشێوەیەکی تایبەت بەشدارە لە دروستکردنی کەسایەتی قوتابی و پەرەپێدانی لە بواری مەعریفی و لێهاتویی سۆزدارییەکاندا.

هەندێک لە زانایانی کۆنی یۆنانی تاڕادەیەکی دیاریکراو لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە سەیری مێژویان دەکرد و ئامانجیان گەڕان بو بەدوای ڕاستییەکاندا.(الزوبعی والغنام، ١٩٨١، ٢٧).

**ئامانجی توێژینەوە**

زانینی کاریگەری ستراتیژی(LRD)لەسەر دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیانی پۆلی یازدەمی وێژەیی لە بابەتی مێژو.

**گریمانەی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژەر ئەم گریمانەنەی خوارەوەی داڕشتوە:

جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی(٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمونگەری کە ستراتیژی( LRD) لە بابەتی مێژو دەخوێنن لەگەڵ نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان وانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی.

**سنوری توێژینەوە**

لێکۆڵینەوەکانی ئێستا سنوردارە بە:

- سنوری مرۆیی: خوێبکارانی پۆلی یازدەمی وێژەیی (کچ) لە ئامادەیی ئارینکۆی کچان.
- سنوری شوێنی: قوتابخانەی ئامادەیی بەیانیان سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەولێر/قەزای بنەسڵاوە.
-سنوری کاتی: وەرزی دوەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥ز).
-سـنوری بابەتی: پەرتوکی مێژوی نوێی و هاوچەرخ (بەندی چوارەم و پێنجەم)کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە دانیپێدانراوە بۆ پۆلی یازدەمی وێژەیی بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ی زایینی چاپکراوە.

**دیاریکردنی زاراوەکان**

**یەکەم: کاریگەری: الاثر**

(شحاتە والنجار، ٢٠٠٣): دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکی خوازراو یان نەخوازراوە لە ئەنجامی پرۆسـەیەکی مەبەسـتداردا لە فێرخوازدا ڕوەدەدات.(شحاتە و النجار،٢٠٠٣، ٢٢).

(القرشی، ٢٠٠٤): بریتییەلە بڕی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی شـێوازی وانەوتنەوە دروسـت دەبێت، لە دەر ئەنجامی فێربونی مەعریفی فێرخوازاندا نیشـان دەدرێت، و بەدەسـتنیشـانکردنی زیادبون یان کە مبونەوەی تێکڕای نمرەکانیان دەپێورێت. (القرشی، ٢٠٠٤، ١٧).

پێناسەی ڕێکاری توێژەر: ڕادە(بڕی)ئەو گۆڕانکاریەیەکە لە دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیانی کچ لە پۆ لی یازدەم لە بابەتی مێژو لە هەردو گروپی ئەزمونگەری و کۆنترۆڵکراو لەستراتیژییەتی(LRD).

**دوەم: ستراتیژییەت: الاستراتیجیە**

(زیتون، ٢٠٠١):کۆمەڵە ڕێکارێکە کە پێشـتر پلانی بۆ دارێژراوە و ئاڕاسـتە دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی وانەکە بەمەبەسـتی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان تا بگونجێت لەگەڵ ئەو توانستانەی کە بەر دەست و فەراهەمکراون.(زیتون، ٢٠٠١، ٢٧٩).

(شـاهین، ٢٠١٠): بریتییە لە پلان و ڕێکار و ڕێگا و شـێوازەکانی کە مامۆسـتا پەیڕەوی لێدەکات بۆ گەیشـتن بە دەرئەنجامە فێرکارییە تایبەتەکان یان دەرئەنجامەکان، لەوانەش عەقڵی و مەعریفی خودی و دەرونی کۆمەڵایەتی و دەرونی جوڵەیی و بەدەسـتهێنانی زانیاری بەتەنها.(شاهین،٢٠١٠، ٢٢).

پێناسـەی ڕێکاری توێژەر: کۆمەڵێک ڕێگا و شـێواز و ڕێکاری و تەکنیک و هەڵسـەنگاندنە کە لەلایەن توێژەرەوە بەکارهێنراوە لە ڕاهێنانی قوتابییە کچەکانی گروپی ئەزمونی بۆ زیادکردنی دەسـتکەوتەکانیان لە بابەتی مێژوی نوێ و هاوچەرخ بەبەکارهێنانی ستراتیژی(LRD).

**سێیەم: سترا تیژیەتی(LRD):**

(Jevitsa u Belinda,٢٠١٠)، ستراتیژییەکە پەیوەندی بەبنیاتنانی زانیارییەوە هەیە بۆ قوتابیان لەڕێگەی پوختەیەکی ڕونکراوەی زارەکییەوە بۆ بابەتەکە پێش ئەوەی بیخوێنێتەوە.(Jevista u Belinda,2010,2 ).

(الشـمری،٢٠٢٢)، سـتراتیژییە کە یارمەتی قوتابیان دەدات لەکاتی خوێندنەوەو پێش خوێندنەوە، لەکاتی گوێگرتنەکەیانەوە لەماوەیەکی کورتی دەرسـەکەیانەوە تێدەگەن دوای ئەوەی مامۆسـتا بابەتی وانەکە دەخوێنێتەوە، پاشـان گروپی بچوک و گەورە دەسـتدەکەن بە گفتوگۆکردن لەسـەر بابەتی وانەکە و ئەو زانیارییانە بەراورد دەکەن کە خراوەتەڕو لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا.(الشمری،٢٠٢٢، ١٥٧).

پێناسـەی تیۆری توێژەر: سـتراتیژێکە کە لەسێ هەنگاو پێکدێت: یەکەمیان ئەوەیە کە قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی گوێ لە وتارێکی کورت دەگرن لە سـەر بابەتێکی هەڵبژێردراوی مێژوی نوێ و هاوچەرخ، دواتر خوێندنەوەی بابەتی زانسـتی هەڵبژێردراو، سێیەمیان گفتوگۆی بابەتەکە بکەن کە لەنێوان گروپە هاوبەشـەکاندا بیسـتراوەو خوێندراوەتەوە یارمەتییان دەدات بۆ دەسـتگەیشـتن بە زانیاری خودیان.

پێناسـەی ڕێکاری توێژەر: کۆمەڵێک هەنگاوە توێژەر بەپێی سـتراتیژییەتی(LRD)جێبەجێی دەکات لەسـەر قوتابیانی پۆلی یازدەمی وێژەیی لەبـابەتی مێژو، کە ڕێکـارییەکەی دەسـتپێـدەکـات بە (گوێگرتن و خوێنـدنەوە و گفتوگۆکردن)ی بـابەت و زانیـارییە دیاریکراوەکانە بەشێوەی گروپ لەنێوان فێرخوازان بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی فێربون.

**چوارەم: دەستکەوت: التحصيل**

(ملحم، ٢٠٠٠)، بریتییەلە ڕێکارێکی ڕێکخراوە بۆ ئەوەی بزانرێت قوتابی چەندە فێر بوە.(ملحم،٢٠٠٠، ٢٠٦).

(ابوجادو، ٢٠٠٥): دەرئەنجامی ئەو شـــتانەیە کە فێرخواز دوای ماوەیەکی دیاریکراو فێری دەبێت، دەتوانرێت بەنمرە بپێورێت لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا، بەمەبەستی دیاریکردنی سەرکەوتنی ئەو ستراتیژەی کە مامۆستا دایدەڕێژێت و پلانی بۆ دادەنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. (ابوجادو، ٢٠٠٥، ٤٢٥).

پێناسەی تیۆری توێژەر: ئەو ئاستە پێشکەوتنەیە کە لەڕەفتاری فێرخوازاندا دەردەکەوێت لەڕێگەی وەڵامەکانیانەوە بۆ بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە لەناوەڕۆکێکی ئەکادیمی دیاریکراودا پێشکەشیان دەکرێت.

پێناســـەی ڕێکاری توێژەر: ئەو نمرانەن کە قوتابیانی کچ لە گروپی تاقیکاری و گروپی کۆنترۆڵ لە دوای تاقیکردنەوەکانی بەشی چوارەم و پێنجەم لە مێژوی نوێ و هاوچەرخ بۆ پۆلی یازدەمی وێژەیی بەدەستیدەهێنن توێژەر بۆ ئەم مەبە ستە ئامادەی کردبو.

**پێنجەم: مێژو: التاريخ**

(عبدالوهاب، ٢٠٠٨): زانســـتێکە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی مرۆڤایەتی دەدات، ســـەرهەڵدان و پێشـــکەوتن و ئەم ئەنجامانەی کە پەیوەستن بەم پێشکەوتنە دەخاتەڕو.(عبدالوهاب، ٢٠٠٨، ١٥).

**شەشەم: پۆلی یازدەمی ئامادەیی** پێناسەی توێژەر: پۆلی دوەمی قۆناغی ئامادەکارییە لە سیستەمی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان، بۆلقی وێژەیی، بەو پێیەی ماوەی خوێندنی سێ ساڵە، مامناوەندە لە نێوان پۆلی چوارەم و شەشەم، و نوێنەرایەتی قۆناغەکە دەکات کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ خوێندنی زانکۆیی.

**چوارچێوەی تیۆری- خستنەڕوی توێژینەوە کانی پێشو**

**چەمکی ستراتیژیەتی(LRD)(گوێبگرە، بخوێنەوە، گفتوگۆ بکە):**

ستراتیژی(LRD)یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربونی چالاک کە لەلایەن مانزۆ وکاستلەوە داهێنراوە لە ساڵی ١٩٨٥و ستراتیژییەکە کۆمەڵێک چالاکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت کە فێرخوازەکان بەشدارن و هانیان دەدەن بۆ کارکردن و بیرکردنەوە لە وشتانەی فێری دەبن، هەروەها دەتوانرێت بۆ هاندان بەکاربهێنرێت و پێویستە فێرخواز سەرقاڵی خەیاڵ و بیرکردنەوە بێت بە هەمو جۆرەکانیەوە، گفتوگۆی زانستی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی بە گروپی بچوک یان گەورە، هەروەها پێویستە سەرقاڵی دەربڕینی بیرکردنەوەکانیان بێت لەکاتی خوێندنەوە، نوسـین، یان گفتوگۆکردن، و دۆزینەوەی ئاراســتە وکەســایەتی قوتابی.(الموســوی، شرهان،٢٠٢٠، ٢٥٩ - ٢٦٠).ستراتیژێکی کاریگەرە بۆ تێگەیشتن لە خوێندنەوە بەهۆی ئەو پاڵپشتییە پەروەردەییەی لە پێش و لە کاتی خوێندنەوە و دوای خوێندنەوە پێشــکەشی فێرخوازانی دەکات، بەو پێیەی مامۆســـتا ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە ئامادەکردنی فێرخوازان بۆ خوێندنەوەی دەقەکە .(عطیە، ٢٠١٦، ٤٠٥)

ســــتراتیژییەتی(LRD)یەکێکە لەوســـتراتیژیانەی تێگەیشـــتن کە زانیاری پێشـــوەختەی فێرخوازان پێش خوێندنەوەی دەقەکە بەرزدەکاتەوە و ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەشداریکردنی فێرخوازانی ئاست لاواز لە بابەتەکانی پۆلدا، لەبەرئەوەی دەقەکە لەسەرەتادا بەشێوەی زارەکی داپۆشراو خراوەتەڕو فێرخوازان ناتوانن بەشێوەیەکی ڕوکەشانە لە دەقەکە تێبگەن کە زانیاری پێشوەختەیان لەسەر ناوەڕۆکەکە نەبێت، ئەم تێگەیشتنە ئەوکاتە بەدەستدێت کە گوێ لە مامۆستا دەگرن و دواتر لە قۆناغی داهاتو خۆیان بابەتەکە دەخوێننەوە بەم شێوەیە دەتوانن بە ئاسانی لە دەقەکە تێبگەن.(الموسوی، شرهان،٢٠٢٠، ٢٥٧).

**هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی(LRD)بریتین لەمانەی خوارەوە:**

یەکەم:گوێبگرە:- Listen-استمع: ئەو دەقەی کە دەخوێندرێت نیشــانی قوتابییەکان دەدرێت و لەلایەن مامۆســـتاوە ڕێکاری بۆ دەکرێت و داوا لە قوتابیان دەکرێت کە گوێبگرن و لەلایەن مامۆســـتاوە دەخوێندرێتەوە.(الشــمری، ٢٠١١، ١٥٧).مامۆســـتا لە ماوەیەکی کورتدا بابەتێکی هەڵبژێردراوی زانســـتی بەشـــێوەی زارەکی پێشـــکەشی قوتابیان دەکات کە ڕۆڵی ســـەرەکییان گوێگرتنە بەباشی.(المسوی، شرهان،٢٠٢٠، ٢٦٠).

دوەم: بخوێنەوە:-Read- اقراء: داوا لە قوتابیان دەکرێت هەمان بابەت و دەق هەڵبژێردراو بخوێننەوە کە مامۆســـتا بۆیانی خوێندۆتەوە. (الشــمری، ٢٠١١، ١٥٧). مامۆســتا داوا لە خوێندکارەکان دەکات دەقەکە بە بێدەنگی بخوێننەوە و ئەوەی گوێیان

لێبوە لەکاتی خوێندنەوەی مامۆســتادا لەگەڵ ئەوەی کە قوتابیان هەمان دەق دەخوێننەوە و فێری دەبن و تێدەگەن بەراوردی بکەن.(المسوی، شرهان،٢٠٢٠، ٢٦٠).

ســێیەم:- گفتوگۆبکە:-Discuss-ناقش: قوتابیان لە ڕێگەی گروپی بچوک و گەورەوە گفتوگۆ لەســەر ئەو بابەتە دەکەن کە لەوانەکە دەخوێندرێت بۆ دیاریکردن و بەراوردکردنی خاڵە سەرەکییە کانی وانەکە.(الشمری، ٢٠١١، ١٥٧).گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە و پرســیار کردن و هاندانی فێرخوازان بۆ ئەوەی بەوردی بیر لە جیاوازییەکانی خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکە و ئەو وتارەی پێشکەشیان کراوە و ئەوەی خۆشیان خوێندو یانەتەوە لە ڕێگەی گروپەکانیانەوە ڕاپۆرتێک لەسەر دەرئەنجامەکە لە گفتوگۆکەدا پێشکەش بکەن.(المسوی، شرهان،٢٠٢٠، ٢٦٠).

**ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژیەتی(LRD):**

-توێژەر پێیوایەکەکاری قوتابی لەســتراتیژییەتی( گوێگرە - بخوێنەوە –گفتوگۆبکە)، بەوردی گوێ لە مامۆســتا دەگرێت لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکە کە بەشێوەی زارەکییە، هەروەها گرنگی بەو شتانە بدات کە پێشکەشی دەکرێت بەشێوەیەکی بینراو لەبەردەمیدا.

-بەتەرکیز و بیرکردنەوە دەقی بیستراو دەخوێنێتەوە و عەقڵ بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەکان.

-پراکتیزەکردنی کرداری لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەو بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانە و خەیاڵ.

-ئازادانە گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەوایەتی بیرۆکەکانی بسەلمێنێت و بزانێت.(الموسوی، شرهان، ٢٠٢٠، ٢٦٣).

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژیەتی(LRD):**

-پلاندانان بۆ وانەکە و چاوخشــاندنێک بەدەقی ئەو مادەیەی کە بۆ خوێندنەوە هەڵبژێردراوە، و ئامادەکردنی تێڕوانینێکی گشــتی ڕێکخراو و کورت کە ئاماژە بە پێکهاتەی بنەڕەتی مادەکە و زانیارییە گرنگەکان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە.

-ڕێنمایی و هاندانی قوتابیان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مادەیەی بیستویانە و خوێندویانەتەوە.

-پیشاندانی هێڵکارییە بینراوەکان، یان پیشاندانی بەرنامە پەروەردەییەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بینراوی مۆدێرن.

-گۆڕینی دانیشتنی فێرخوازان و دابەشکردنیان بەسەر گروپە هاوبەشە کارلێککارەکاندا.

-دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێربون کە هاندەری بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی پرســیارەکان بێت لە نێوان ئەندامەکانیدا بە ئازادی هاندانی فێرخوازان بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵکردن لە کاتی خوێندنەوە و دوای خوێندنەوە، لە کاتی گفتوگۆدا.(المســوی، شرهان،٢٠٢٠، ٢٦٢-٢٦٣).

**گرنگی ستراتیژی(LRD): دەتوانرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکرێتەوە:**

-یارمەتی تێگەیشتن لە مادده پەروەردەییەکان دەدات کە بەشێوەی زارەکی پێشکەش دەکرێن.

-یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی زانیاری پێشوەختە لەلای قوتابی پێش خوێندنەوە.

-هانی بەشــداریکردنی ئەو قوتابیانە دەدات کە کێشــەی خوێندنەوەیان هەیە لە ڕێگەی شــێوازی گفتوگۆوە.(الشــمری، ٢٠١١، ١٥٧).

-دوبارەکردنەوەی بۆ ســێیەم جار دەبێتە هۆی فراوانکردنی مادەی پەروەردەیی، بەو پێیەی دوای گوێگرتن لەوتارەکە و خوێندنەوەی پاڵپشتیکراو، پرسیارەکانی پەیوەست بەوانەکە دادەڕێژرێن و دەخرێنە ژێر گفتوگۆوە.

-شــێوازێکی ئاســان بۆ بەکارهێنان دابین دەکات کە پەنجەرە بەڕوی تاکدا دەکاتەوە و ئامادەی دەکات بۆ بنەما و پراکتییکەکانی فێربونی ناوەڕۆکی بابەتەکان.(مانزو وآخرون، ٢٠٠٩، ٤٧-٤٩).

**تایبەتمەندی ستراتیژیەتی(LRD):**

-ئامرازێکی کاریگەرە لە باشــترکردنی تێگەیشــتن و فێربونی ناوەڕۆکی مادەی پەروەردەیی بۆ خوێنەرانی لێهاتو بۆ ئەوانەی لە ئاســتی ئەکادیمیدا لاوازن.

-یارمەتی بەهێزکردنی زانیاری پێشوەختە دەدات پێش ئەوەی فێرخوازان دەقەکە بخوێننەوە.

-دەرفەتێک دەدات بە فێرخوازن کە چالاکانە پرسیار بکەن دەربارەی ئەو بەشانەی بابەتی زانستی خوێندراو کە لێیان تێنەگەیشتون یان نەیانتوانیوە پەیوەندییان بە زانیاری پێشوەوە بکەنەوە، ئەم چالاکییە دەرفەتێک بۆ فێرخوازن دەڕەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی و هاوکاری تێگەیشتن لەبابەتەکە.

-بە ڕێگەیەک دادەنرێت بۆ پێشخســتنی خۆپەروەردەکردن، چونکە شێوازەکەی ڕوحی خۆ دەســتپێشخەری لەخۆدەگرێت، و یارمەتی فێرخوازان دەدات و ئاراستەیان دەکات بۆ فێربونی خودی بەهۆی گونجاوی ژینگەکە.(مانزو وآخرون، ٢٠٠٩، ٤١).

**توێژینەوەکانی پێشو دەربارەی ستراتیژی( LRD):**

یەکەم- توێژینەوەی putri,2013 :ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی(LRD)بەرەو تێگەیشتن لە خوێندنەوە لەدەق وەسفکەردا لای قوتابیانی ساڵی دوەمی قوتابخانەی ئامادەیی ٩ تاپوک کامپار ریجێنسی، نمونەی بنەڕەتی توێژینەوە کە قوتابیانی کورو کچ بون لە ئەندەنوسیا بۆ ساڵی ٢٠١٣ لە کۆلێژی پەروەردە و ڕاهێنانی مامۆستایانی زانکۆی سیاریف قاسم ریاو ئیسلامی حکومی ئەنجامدراوە، ژمارەی قوتابیان(٤٠)قوتابی بو، بەسەر هەردو گروپی ئەزمونی(٢٠)قوتابی و گروپی کۆنترۆڵ(٢٠)قوتابی بەشێوەیەکی یەکسان، توێژەر ڕێبازی نیمچە ئەزمونی پەیرەو کرد لەگەڵ کۆنترۆلکردنی دو گروپی نایەکسان واتا گروپی کۆنترۆلکراو هاوتا نەبو، ئامرازەکانی توێژینەوە بریتیبون لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشوەختە و هەروەها ئامادەکردنی( ٢٥)برگەی پرسیاری وەک تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەسەرهەردو گروپدا لە جۆری هەڵبژاردن بەپشت بەستن بە دەق وەسفکەر بۆ تاقیکردنەوەی پاشەکی، هۆکارە ئامارییەکانی توێژینەوە کە بریتیبون لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی T-test هەروەها هاوکێشەی کای سکوێر دوجا+ هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن و تاقیکردنەوەی کۆتای ڕێژەی دروستی و هێزی جیاکاری ئاسانی و گرانی بۆ برگەکان هەروەها کاریگەری جێگرەوەی هەڵەکان.

ئەنجامی توێژینەوە کە دەریخست کە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە ئاستی ئاماری(0.05)لە نێوان تێکڕای نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمونی کە بە شێوازی ستراتیژی(LRD)خوێندویانە بەبەراورد بەتێکڕای نمرەی گروپی کۆنترۆڵ کە بەشێوازی تەقلیدی ئاسایی خوێندویانە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونی بو لە تێگەیشتن لە خوێندنەوە لە دەق وەسفکەردا لای قوتابیانی قۆناغی دوەم لە ئامادەیی ٩ تاپوک کامپار ڕیجێنسی.

**دوەم:-توێژینەوەی المختار (٢٠١٦):** ئامانجی ئەم توێژینەوە دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژی گوێبگرە، بخوێنەوە، گفتوگۆ بکە لە سەر دەستکەوت و مانەوەی بابەتی مێژوی عەرەبی ئیسلامی لە لای قوتابیانی قۆناغی دوەمی ناوەندی، کۆمەڵگەی بنەڕەتی توێژینەوە کە قوتابیانی کوڕ بون لە پۆلی دوەمی ناوەندی لە قوتابخانەکانی ڕۆژ سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی میسان لە وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦نمونەی توێژینەوەکە بریتیبو لە قوتابخانەی ناوەندی لەپارێزگای میسان و ژمارەی قوتابیانی (٥٤) قوتابی بو، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرابون بەسەر هەردو گروپی ئەزمونی (٣٢) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵ (٢٢) قوتابی بەشێوەیەکی نایەکسان، گروپی ئەزمونی بە شێوازی ستراتیژی(LRD) گروپی کۆنترۆڵ بەشێوازی(تەقلیدی) ئاسایی وانەیان خوێند. توێژەر ڕێبازی ئەزمونی بە کۆنترۆڵکردنی بەشەکی کە بریتیبو لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ هەردو گروپ ئەنجامدا، توێژەر سەرەتا دەستی کرد بەهاوسەنگکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە وەکو نمرەی بابەتی مێژو بۆ ساڵی پێشو، نمرەی تاقیکردنەوەی زیرەکی، نمرەکانی تاقیکردنەوەی زانیاری پێشوەختەو، دەستکەوتی ئەکادیمی باوک وادایکانی هەر دو کۆمەڵەکە، ئامرازەکانی توێژینەوە بریتیبون لە ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ جێگیرکردنی پێوەرە کانی پاشکۆی گۆڕاوی دەستکەوت مانەوەی مێژو لەلای قوتابیان و دواتر ئامادەکردنی(٤٠)برگەی پرسیاری وەک تاقیکردنەوەی پاشەکی دەستکەوت بەسەر هەردو گروپدا کە لەسەر شێوازی هەڵبژاردن بون، هۆکارە ئامارییەکانی توێژینەوە بریتیبون لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی T-test هەروەها چوارگۆشەی کای سکوێردوجا + هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن و تاقیکردنەوەی کۆتای ڕێژەی دروستی و هێزی جیاکاری ئاسانی و گرانی بۆ برگەکان هەروەها کاریگەری جێگرەوەی هەڵەکان.

ئەنجامی توێژینەوە کە دەریخست کە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە ئاستی ئاماری(0.05)لە نێوان تێکڕای نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمونی کە بە شێوازی ستراتیژی(LRD)خوێندویانە بەبەراورد بەتێکڕای نمرەی گروپی کۆنترۆڵ کە بەشێوازی تەقلیدی ئاسایی خوێندویانە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی بو لەلای قوتابیان.

**سودی توێژینەوەکانی پێشو بریتین لە:**

دوای تێڕوانینی توێژەر بۆ توێژینەوەکانی پێشو سودی لەم لایەنانە وەرگرتوە:

-سودوەرگرتن لە ڕێکارەکانی توێژینەوەی پێشو بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە و دروستکردنی پلانی تایبەت بە وانەوتنەوە بەشێوازی ستراتیژی(LRD) و شێوازی ئاسایی.

-سودمەندبون لە و شێوازە ئامارییانەی لە توێژینەوەکانی پێشودا بەکارهێنراون و هەروەها شێوازی گونجاو بۆ شیکردنەوەی داتاکان و هەڵبژاردنیان بۆ توێژینەوەی ئێستا.

-سودوەرگرتن لە پێشنیارو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکانی پێشو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کانی ئێستا لە بابەتی مێژوی نوێ و هاوچەرخ.

-دەستڕاگەیشتن بەو سەرچاوە و ئاماژانەی کە توێژینەوەکانی پێشو دەیانگرێتەوە و سودوەرگرتن لێیان لە بیرۆکەی توێژینەوەکە و دابینکردنی پاشخانی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئێستا.

**ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە**

ڕێبازی گونجاو بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە ڕێبازی نیمچە ئەزمونی چونکە سروشـتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی پێویسـت دەکات کە توێژینەوەکە نیمچە ئەزمونی بێت، ئەم ڕێباز بەکاریگەرترین ڕێبازی توێژینەوە دادەنرێت بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان بە ڕێگایەکی دروست و زانستیانە(بدر،١٩٩٤، ٢٧٦).

**دووەم:دیزانی ئەزمونی توێژینەوە:**

هەڵبژاردنی دیزانی ئەزمونی، بەیەکەم هەنگاوی کارکردنی توێژەر دادەنرێت، چونکە پێویسـتە هەر توێژینەوەیەک دیزاینەکی تایبەت بەخۆی هەبێت ئەوەش بۆدابینکردنی سەلامەتی و ڕاست وردی ئەنجامەکان، هەروەها دیاریکردنی جۆری دیزاینی ئەزمونی. لەسەر سروشت وگرفت و هەلومەرجی نمونە(عەینەکە) ڕاوەدەستێت، هیچ توێژینەوەیەکی پەروەردەیش نەگەیشتۆتە دیزاینەکی ئەزمونی تەواو لەکۆنترۆڵکردنـدا، چونکە کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکـان کـارێکی زۆر گرانە، ئەوەش بەهۆی سروشـتی دیـاردە پەروەردەییە ئاڵۆزەکانەوە.(ڤان دایت، ١٩٨٥، ١). توێژەر دیزاینی ئەزمونی هەڵبژارد بۆ دوگروپی هاوسـەنگ، تاقیکردنەوەی پاشـەکی، بۆ دەسـتکەوت ئەنجامدا، کە لەدو گروپ پێکدێت گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو. گروپی ئەزمونی بەسـتراتیژییەتی(LRD) و گروپی کۆنترۆڵکراو هەمان بابەت بەڕێگای پەیڕەوکراو وانەیان وەرگرت.

| گروپەکانی توێژینەوە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| گروپی یەکەمی ئەزمونی | ستراتیژیەتی LRD | دەستکەوتی خوێندن | دەستکەوتی خوێندن |
| گروپی دوەمی (ئەزمونی)کۆنترۆڵکراو | ڕێگای فێربونی پەیڕەوکراو | | |

شێوەی دیزاینی دیزانی ئەزمونی

**سێیەم:کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

بریتییە لە سەرجەم ئەو ڕەگەزو تاکانەی کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە دەتوانرێت تێبینی و لێکدانەوەی بۆ بکرێت دەرئەنجامی توێژینەوەکە بەسەریاندا گشتگیر بکرێت.(ملحم، ٢٠٠٩، ١٤٩).

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لە هەمو قوتابیانی کچ لە پۆلی یازدەمی وێژەیی لەقوتابخانەی دواناوەندی و ئامادەییەکانی سەر بە پەروەردەی بنەسەلاوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)کە ژمارەیان (٦٠٦) قوتابی لەکۆی (٢٨)قوتابخانەی ئامادەیی و دواناوەندی، توێژەر ئەم ئامارەی لە یەکەی پلاندانان لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بنەسـلاوە بەدەسـتهێنا، لەخشـتەی خوارەوە خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە(١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| ژ | ئامادەیی | ژ. قوتابیان | ژ | دوناوەندی | ژ.قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چۆڤانی تێکەڵاو | ٢ | ١٥ | قەشقەی تێکەڵاو | ٢ |
| ٢ | قامشلی تێکەڵاو | ٤ | ١٦ | قورشاغلوی تێکەڵاو | ٢ |
| ٣ | باخانی کچان | ٤٧ | ١٧ | کانی برزەی تێکەڵاو | ٢ |
| ٤ | هەواری ئیواران | ٤٠ | ١٨ | گردەسۆری تێکەڵاو | ٢ |
| ٥ | بینایی کچان | ٨٦ | ١٩ | بێستانەی تێکەڵاو | ٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | تریفەی کچان | ٤٣ | ٢٠ | زادەی تێکەڵاو | ١٧ |
| ٧ | دارەتوی کچان | ٥٣ | ٢١ | دواناوەندی لێزانی تێکەڵاو | ٢ |
| ٨ | ڕێناسی کچان | ٣١ | ٢٢ | مورتکەی گە ورەی تێکەڵاو | ٢ |
| ٩ | شەپۆلی کچان | ٥٢ | ٢٣ | هۆزانی تێکەڵاو | ٢ |
| ١٠ | شۆخی کچان | ٩ | ٢٤ | قوچە بڵباسی تێکەڵاو | ٥ |
| ١١ | قوشتەپەی کچان | ٤١ | ٢٥ | ئەرێزی تێکەڵاو | ١ |
| ١٢ | لاڤانی کچان | ٣٢ | ٢٦ | ڕازی تێکەڵاو | ١٩ |
| ١٣ | محمود زامدار | ٢٥ | ٢٧ | بارینی کچان | ٢٦ |
| ١٤ | ئارینکۆی کچان | ٤٣ | ٢٨ | ریفراندۆمی کچان | ١٠ |

**أ-نمونەی قوتابخانەکان:**

توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی بریتیبو لە ئامادەیی(ئارینکۆی کچان)کە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵیبژارد بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارەکانی توێژینەوەکەی، ئەویش لەبەرئەم هۆکارانەی خوارەوە:

-گونجاوی هەڵکەوتەی جوگرافی قوتابخانەکە لەگەڵ کات و دەرفەتی توێژەر بۆئەنجامدانی کاری توێژینەوەکە.

-هاوکاری کارگێڕی قوتابخانە، و ئاسانکاریکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەزمونی توێژینەوەکە.

-بونی دو پۆلی یازدەمی وێژەیی لەم قوتابخانەیەدا کە لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە گونجاوە.

**ب-نمونەی قوتابیان**

نمونەکە دەبێت بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی توخمەکانی کۆمەڵگاکە بکات، چونکە دەتوانرێت ئەنجامی ئەو توخمانە گشتگیر بکرێت بۆ هەمو کۆمەڵگاکەو دەتوانرێت دەرئەنجامەکان سەبارەت بەدانیشتوانی توێژینەوەکە دەربکرێت.(التمیمی، ٢٠١٣، ٩٦). دوای ئەوەی توێژەر ئەو قوتابخانەیەی دیاریکرد کە تاقیکردنەوەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت، کەقوتابخانەی (ئارینکۆی کچان) لەدو پۆلی یازدەمی وێژەیی(أ-ب) بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ پێکدێت، توێژەر بەشێوەی تیروپشک پۆلەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵی دیاریکرد، پۆلی( أ )بو بەگروپی ئەزمونی و بە ڕێگای ستراتیژییەتی(LRD) وانەیان خوێند، پۆلی ( ب) بو بە گروپی کۆنترۆڵکراو بەڕێگای ئاسایی وانەیان خوێند. ژمارەی قوتابیە کچەکان لە هەردو پۆل گەیشتە(٤٣)قوتابی، دوای لابردنی (٣ )قوتابی ژمارەی کۆتایی ئەندامانی نمونەکە بوە(٤٠) قوتابی کچ، بۆ هەر گروپێک (٢٠) قوتابی لەخۆگرتبو. بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە(٢) نمونەی قوتابیان

| ناوی قوتابخانە | کۆمەڵە | ڕێگای وانەوتنەوە | گروپ | ژ.قوتابیان پێش دورخستنەوە | ژ.قوتابیان پاش دورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەیی ئارینکۆی کچان | ئەزمونی | ستراتیژیەتی LRD | أ | 23 | 20 |
| | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ب | 20 | 20 |
| کۆی گشتی قوتابیان | | | | 43 | 40 |

**چوارەم: هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە (تكافؤ مجموعات البحث):**

هاوســەنگکردن بەواتای یەکســانکردنی گروپەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵ لە کۆکردنەوەی گۆڕاوەکانـدا جگە لەو گۆڕاوەی کە توێژینەوەی لەســەر دەکرێت (گۆڕاوەســەر بەخۆکە).(العســاف،٢٠٠٦، ٣١٢). توێژەر هەڵسا بەهاوسـەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەڕوی ئـامـارییەوە لەچەنـدگۆڕاوێکی جیـاوازدا، پرۆسـەی هـاوســەنگکردنەکە لەنێوان ئەنـدامـانی هەردو گروپی توێژینەوەکە (تەمەن بەمانگ، دەســتکەوتی ئەکادیمی دایک و باوک، نمرەی بابەتی مێژو بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی، تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن). توێژەر هەڵسا بە دابەشکردنی فۆڕمی تایبەت بە زانیاری قوتابیانی هەردو کۆمەڵەکە، پاشان دەستیکرد بە تۆمارکردنی داتا خواسـتراوەکانی تایبەت بە تەمەنیان و هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ. ئەمانەی خوارەوە ئەنجامی هاوسـەنگکردنی هەندێک لەگۆڕاوەکانی نێوان دو گروپی توێژینەوەکەن، بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی (٣) هاوسەنگکردنی نمونەی توێژینەوەکەیە بەگوێرەی تەمەن و نمرەی مێژو وپێوەری زیرەکی

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکە | نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T-test | | بەهاداری ئاماری لە ئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| تەمەن | ئەزمونی | 20 | 206.95 | 8.172 | 38 | 0.195 | 2.042 | بەهادار نییە* |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | 206.45 | 8.003 | | | | |
| نمرەی مێژو | ئەزمونی | 20 | 71.55 | 12.272 | 38 | 0.911 | 2.042 | بەهادار نییە* |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | 68.45 | 9.012 | | | | |
| زیرەکی | ئەزمونی | 20 | 35.65 | 6.769 | 38 | 0.258 | 2.042 | بەهادار نییە* |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | 35.10 | 6.711 | | | | |

**ئاستی خوێندنی باوکان بۆ هەردو گروپەکە**

مەبەست لە بە دەستهێنانی جۆری ئەو بڕوانامەیەکە لە ماوەی ساڵانی خوێندنیدا بە دەستیهێناوە.( ملحم، ٢٠٠٢، ٢٠٩)، دوای بەدەســتهێنانی داتای پەیوەندیدار بەئاســتی خوێندنی باوکان لەڕێگەی فۆڕمی زانیاری بۆ قوتابیانی هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئاسـتی دەستکەوتی باوکان بەپێی جۆری بڕوانامەی پەروەردەیی بۆ سێ ئاسـت پۆلێنکران کەبەم شـێوەیەن (ناوەندی بەرەوخوار، دواناوەندی و ئامادەیی، دبلۆم بەرەوسـەرەوە) بۆ دەرهێنانی هاوسـەنگی دەسـتکەوتی ئەکادیمی باوکان توێژەر هاوکێشـەی (کا٢) بەکارهێنا دوای لێکدانی هەندێک خانەی نزیک بۆ سێ خانەی سەرەکی، هەروەک لەم خشتەیە خوارەوەدا خراوەتەڕو.

خشتەی(٤)

ئەنجامی (کا٢) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکان

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نمونەکان | دەستکەوتی خوێندنی باوکان | | | | بەهای (کا٢) | | بەهاداری ئاماری لە ئاستی(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی بەرەوخوار | دواناوەند و ئامادەیی | دبلۆم بە سەرەوە | پلەی ئازاد | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 20 | 9 | 8 | 3 | 3 | 0.425 | 5.991 | بەهادارنییە* |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 11 | 6 | 3 | | | | |
| کۆی گشتی | 40 | 20 | 14 | 6 | | | | |

لەخشتە ی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە بەهای (کا٢) هەژمارکراو بریتییە لە (0.425)کەمترە لە بەهای(کا٢) خشتەی کە یەکسانە بە(5.991 ) بەپێی نمرەی ئازاد(3)پلەیە، لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05) واپیشانی دەدات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیان گروپی ئەزمونی وگروپی کۆنترۆڵکرا، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوک بۆیە هەردو گروپ هاوتایە.

**ئاستی خوێندنی دایکان بۆ هەردو گروپ**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ئاستی ئەکادیمی دایکی قوتابی دیاریکردوە لەڕیگای فۆڕمی زانیاری بەپێی جۆری بڕوانامەی پەروەردەیی بۆ سێ ئاستی جیاواز پۆلێنکردن ئەوانیش (ناوەندی بەرەو خوار، دواناوەندی وئامادەیی، دبلۆم بەرەو سەرەوە) پاشان توێژەر لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی(کای سکوێر)(Chi-square) و ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ هەر گروپێک هەژمارکرد و بەهای کایی بۆ گۆڕاوە کان دۆزرایەوە بەم شێوەی خوارەوە خراوەتەڕو.

خشتەی(٥)

ئەنجامی (کا٢) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکان

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نمونەکان | دەستکەوتی خوێندنی دایکان | | | | بەهای (کا٢) | | بەهاداری ئاماری لە ئاستی(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی بەرەوخوار | دواناوەندو ئامادەیی | دبلۆم بە سەرەوە | پلەی ئازاد | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 20 | 11 | 7 | 2 | 3 | 0.230 | 5.991 | بەهادارنییە* |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 12 | 6 | 2 | | | | |
| کۆی گشتی | 40 | 23 | 13 | 4 | | | | |

لە خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت کە بەهای( کا٢) هەژمارکراو بریتییەلە (0.230) گەورەترە لە بەهای( کا٢)خشـــتەیی کە یەکسانە بە(5.991) بەپێی نمرەی ئازاد(3)،پلەیە لەئاستی بەڵگەداریی(0.05)، واپیشانی دەدات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیان گروپی ئەزمونی وگروپی کۆنترۆڵکرا، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی دایک بۆ یە هەردو گروپ هاوتایە.

**پێنجەم: (سەلامەتی ناوەکی و دەرەکی) کۆنترۆڵی گۆڕاوەکانی دەرەکی**

ئەم گۆڕاوانە ئەگەرچی ناچنە ناو دارشـــتنی دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە، ناکەونە ژێرکۆنترۆڵی توێژەر، بەڵام کاریگەریان لەســـەر ئەنجامی توێژینەوەکەو گۆڕاوە پاشکۆکان هەیە وەک کاریگەرییەکی نەویستراو دەردەکەون و توێژەر ناتوانێت ڕاستەوخۆ بیان بینێت یان پێوانەیان بکات بۆیە دەبێت گۆڕاوە نامۆکان لەکاتی شـــیکردنەوەی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان بەگرنگ ســـەیر بکرێت.(الشربـــینی و ئەوانی تر، ٢٠١٣، ٣٦٨)، دەکرێت بوترێت ئامانجی پرۆســـەی کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە بریتین لەمانەی خوارە:

**یەکەم: دروستی ناوەڕۆک**

کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکانی ناوخۆیی هۆکارێکی گرنگە لە توێژینەوەی ئەزمونی،کاریگەری لەســـەر ئەنجامی توێژینە(عبدالرحمان وعدنان،٢٠٠٧، ٤٧٩) ئەو هۆکارانەش کاریگەری دروست دەکەن لەسەر سەلامەتی ناوەکی ئەزمونی توێژینەوەکە بریتین لە مانەی خوارەوە:

**أ -هۆکاری پێگەیشتن**

مەبەسـت لێی ئەو گۆڕانکارییە بایۆلۆژی، دەرونی ژیریانە دەگرێتەوە کە لەماوەی ئەزمونی بەسـەر تاکەکاندا دێت.(عەوەز، ٢٠١٢، ١) لەبەرئەوەی توێژینەوەکە لەیەک کاتدا جێبەجێکرا لەسەر ئەندامانی هەر دو گروپی توێژینەوە، بۆ یەفاکتەری پێگەیشتنی هزری بۆ هەردو گروپ وەکو یەک بون.

**ب-جیاوازی نێوان تاکە کانی توێژینەوەکە**

توێژەر خۆی لەکاریگەری ئەو گۆڕاوە بەدوردەگرێت ئەویش بەهەڵبژاردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە بەڕێگای هەڕەمی و ئەنجامدانی هاوسەنگی ئاماری لەشەش گۆڕاوی جیاوازدا.

**ج-دابڕان و وازهێنان**

ماوەی ئەزمونی ئەم توێژینەوەیە بەشـــێوەیەک ئەنجامدراوە کە هیچ تاکێک لە ئەندامانی هەردو گروپەکە وازیان لە خوێندن نەهێناوەو تەواوی تاکەکان بەشداریان لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا کردوە تەنها ئامادەنەبونی ڕۆژانەی تاکەکانی قوتابیان نەبێت، ئەوەش تارادەیەکی زۆر یەکسان بو لەنێوان هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەبەرئەوە کاریگەری ئەم هۆکارە بێلایەن بوە.

**د-بارودۆخی ئەزمونەکە ڕوداوە چاوەڕواننەکراوەکان**

ئەزمونی توێژینەوەکە.(حاڵەتێکی نەخوازراو ڕوینەداوە تەنها پشـــوی بەهـارە نەبێت، بەڵام کاریگەری نەبو توێژەر توانی دواتر قەرەبوی بکات و یەکسانی لە نێوان گروپەکان ڕاگرت و بەشێوەیەکی هاوتا وانەکان دەوترانەوە بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە.

**هـ-ئامرازەکانی پێوانەکردن: ادوات القياس**

کاریگەری ئەم گۆڕاوە کۆنترۆڵکراوە ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنـانی ئـامرازەکانی پێوانەکردن بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە هەمان ڕۆژوکاتدا کە ئەویش بریتییە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

**دوەم: سەلامەتی دەرەکی ئەزمونی**

توێژەر بە مەبەســتی ســەلامەتی ئەم گۆڕاوە و نەهێشــتنی کاریگەری لە ســەر ئەنجامی توێژینەوەکە بۆیە هەوڵیداوە کۆنترۆڵی ئەم گۆڕاوانە بکات کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

**أ -کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر نمونەی توێژینەوە**

کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر لایەنگرانی جۆری هەڵبژاردن، توێژەر بەمەبەستی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە هاوسەنگن و جیاوازیەکی ئەو تۆیی نییە بۆهەردو کۆمەڵەکە، بەپێی دابەشـــکردنی هەڕەمەکی، وەرگیراوە بۆئەوەی کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر وردی ئەنجامی توێژینەوەکە نەبێت بۆیە کاریگەری ئەم هۆکارەش سنوردارکراوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە.

**ب- کاریگەری ڕێکارییە ئەزمونیەکان**

توێژەر توانی ئەم گۆڕاوە کۆنترۆڵ بکات لە ڕیگەی ئەمانەی خوارەوە:

**أ-نهێنی توێژینەوەکە**

توێژەر لەلایەن ستافی خوێندنگە و مامۆستای بابەتی مێژو لە سەرەتای دەستپێکردنی وەرزی دوەم و ئەزمونەکە، وەکو مامۆستای بابەت بۆ وەرزی دوەم ناســێنراو ئەمەش وایکرد نهێنی ئەزمونکردنی توێژینەوەکە پارێزراوبێت و پابەندبێت بە ســەرجەم ڕێســا و ڕێنمـاییەکان و تەواوی مەرجەکانی خوێنـدنگە، ئەمەش وای لە قوتـابیـانکرد هەڵســـوکەوتیـان نەگۆڕێت لەکاتی وانەوتنەوەدا، بەهەمان شێوە مامۆستایی وانەکانی دیکەیش هەمان کاردانەوەیان هەبێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەزمونەکە.

**ب-مامۆستای وانەکە**

لەبەرئەوەی مامۆســتا ڕۆڵی کارای لە پرۆســەی وتنەوەی وانە فێرکارییەکان هەیە پێویســتە لەســەری خاوەنی چەندین لێهاتویی و نواندن و پێشــکەشــکاری و پیشــەیی بێت، لە مامەڵکردن لەگەڵ ژینگەی فێرکاریدا.(محمود، ٢٠٠٥، ٣٤)، دوای ئەوەی توێژەر لەڕێگەی زانکۆی ســەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردە بنەڕەتییەوە نوسراوی ئاســانکاری ئاڕاســتەی پەروەردەی ناوبراوکرد، ئامادەیی ئارینکۆی کچانی بۆدەســـتنیشـــانکرا بۆ تەواوکردنی ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە، کە وانەکان بڵێتەوە لە ســـەرەتای وەرزی دوەمی خوێندن بە هەردو گروپ.

**ج-پرۆگرامی خوێندن**

ئەوبابەتانەی بۆ ئەزمونی توێژینەوە دەســـتنیشـــانکرابون ئەوبابەتانە بون کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ وەرزی دوەم بڕیاری لەسەر درابو بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەیەکسانی پێیانوترایەوە.

**د - دابەشکردنی وانەی خوێندن - توزیع الدروس**

توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە لەسـەر خشـتەی هە فتانە وکات و ڕۆژی وانەوتنەوە ڕێککەوتن بەشـێوەیەک هەفتانە سێ ڕۆژو هەر ڕۆژێک هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە وانەیان خوێندوە هەروەکو لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو:-

خشتەی(٦) دابە شکردنی وانەی خوێندن

| ڕۆژ | کۆمەڵە | کات | وانە |
|---|---|---|---|
| یە ک شە ممە | ئەزمونی<br>کۆنترۆڵکراو | 1:15<br>4:20 | دوەم<br>پێنجەم |
| دو شە ممە | ئەزمونی<br>کۆنترۆڵکراو | 2:00<br>5:00 | سێیەم<br>شەشەم |
| چوار شە ممە | ئەزمونی<br>کۆنترۆڵکرا | 10:10<br>9:00 | سێیەم<br>دوەم |

**ه-ماوەی تاقیکردنەوەکە**

ماوەی ئەزمونی بۆ هەردو کۆمەڵەکە یەکســـان بو بریتیبو لە(١٢)هەفتە بەشـــێوەیەک (٣وانە)، لەهەفتەیەکدا کەلە ڕۆژی سی شـــممە ٢٠٢٥/١/٢٨دە ســـتیپێکردو لە ڕۆژی دوشـــە ممە ٢٠٢٥/٥/٥ کۆتای پێهێنرا، هەر بۆیە ئەم گۆڕاوەش بەباشی لەلایەن توێژەرەوە کۆنترۆڵکرا.

**شەشەم: پێداویستیەکانی توێژینەوەکە**

دەکرێت کۆمەڵێک کەرەســـتە و پێداویســـتی پەروەردەیی پێشـــنیار بکرێت کە لەگەڵ سروشـــتی بارودۆخی فێربوندا بگونجێت کە قوتابیان لەگەڵی کارلێک دەکەن و کاریگەری دەبێت لەســـەر چالاکییە پەروەردەییەکان و بەرزکردنەوەی ئاســـتی زانســـتی قوتابیان(محمود،٢٠٠٩، ٧٠) توێژەر بۆ گەیشـتن بەو ئامانجانەی گریمانەکان کەلە تاقیکردنەوەکەیدا دەیەوێت بەدەستیبهێنێت سودی لەم پێداویستیانەی خوارەوە وەرگرتوە:

**أ -دیاریکردنی بابەتی خوێندن**

ئەو مادده زانســـتیەی کە لەلایەن توێژەرەوە دیاریکراوە، بەشی چوارەم و پێنجەم لە کتێبی مێژوی نوێ وهاوچەرخ لەخۆگرتبو، لە پۆلی یازدەمی ئامادەیی بۆسالی خوێندنی(٢٠٢٤-٢٠٢٥ز )وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە.

خشتەی (٧)خستنەڕوی بابەتەکانی خویندن بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە

| بەند | بابەت | ژ. لاپەڕەکان | لە - بۆ |
|---|---|---|---|
| چوارەم | یەکێتی ئیتاڵیا+ یە کێتی ئەڵمانیا+ دەوڵەتی عوســـمانی و پەیوەندی بەوڵاتانی ئەوروپا+ بزوتنەوەی سەربەخۆیی لە بەڵقان+ جەنگی قرم و پەیمانی پاریس١٨٥٣-١٨٥٦ز+جەنگی ڕوسیا- دەوڵەتی عوسمانی و کۆنگرەی بەرلین. | ٣١ | ٩٩-١٣٠ |
| پێنجە م | جەنگی یەکەمی جیهانی و گۆڕانکارییە گشـــتییەکانی نێوان هەردو جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانی+ هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی١٩١٤-١٩١٨ز+کۆنگرەی ئاشـــتبونەوە لە پاریس ١٩١٩ز+گۆڕانکارییە گشتییەکان لە نێوان هەردوجەنگی یەکەم و دوەمی جیهانی+ بارودۆخی تورکیا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی+ بارودۆخی ئێران دوای جەنگی یەکەمی | ٤١ | ١٣١-١٧٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | جیهـانی+ پەیوەنـدییـە نێودەوڵەتییەکـان لـە نێوان هەردو جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانیدا١٩١٨-١٩٣٩ز. | | |

**ب-دارِشتنی ئامانجە رەفتارییەکان**

ئامانجی رِە فتاری بەو گۆڕانکارییە خوازراوە پێناسـە دەکرێت کە چاوەڕاون دەکرێت لە رەفتاری فێرخوازدا روبدات،کە دەتوانرێت هەڵسە نگاندنی بۆ بکرێت دوای ئەوەی فێرخواز بە ئەزمونێکی پەروەردەی تایبەتدا تێدەپە ڕێت.(محمود، ٢٠٠٩، ٣٥).
توێژەر هەڵسا بەدانانی(١٣٠)ئامانجی رەفتاری، بەپشت بەستن بەناوەرۆکی پەرتوکی مێژو لەکاتی خوێندن وجێبەجێکردنی ئەزمونی، پاشان دابەشیکردبۆ چوار ئاست بەپێی هەرەمی بلۆم(بیرهاتن- تێگەیشتن-جێبەجێکردن-شیکردنەوە)بەشێوەیەک ( ٤٩)ئامانج بۆبیرهاتن( ٤٢) ئامانج بۆ ئاسـتی تێگەیشـتن(١٦) بۆئاسـتی جێبەجێکردن(٢٣) ئامانج بۆ شـیکردنەوە. بەمەبەسـتی دڵنیابون لەدارِشتنی ئامانجەکان و پۆلێنکردنیان بەسەر چوار ئاستەکەی بلۆم لەفۆرمێکدا لیستی ئامانجەکانی دایە کۆمەڵێک لە شارەزایانی رێگاکانی وانەوتنەوە، دەرونزانی، پێوانەوهەڵسـەنگاندن، پاشـکۆی ژمارە ( ١)لەئەنجامدا رێژەی(٨٥٪)بەرەوسـەرەوە رازیبونی شارەزایانی بەدەستهێنا، توێژەر هاوکێشەی جی کۆپەر( J.Cooper Formula)بەکارهێنا، بەسودوەرگرتن لەبیروراکانی شارەزایان، چەند گۆڕانکارییەکی کەم لەڕوی دارِشـتنی زمانەوانیەوە بۆ ژمارەیەک لە ئامانجە رەفتارییەکان ئەنجامدرا، لەژێر رۆشـنایی ئەمەش توێژەر برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئامادەکرد.

**ج-ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە**

توێژەر هەڵسـا بەدانـانی کۆمەڵێک پلانی وانەوتنەوە لەکاتی جێبەجێکرنی ئەزمونی توێژینەوە لەبەنـدەکانی چوارەم و پێنجەم، لەپەرتوکی بریار لێدراو لەپۆلی یازدەمی وێژەیی لەسـاڵی خوێندنی(٢٠٢٤-٢٠٢٥)لەژێر رۆشـنایی ئامانجە رەفتارییەکانی ناوەرۆکی پەرتوکی بریار لێدراو بەپێی سـتراتیژە پێشـنیارکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەک بۆ کۆمەڵەی ئەزمونگەری بەپێی سـتراتیژییەتی (LRD)بەگوێرەی رێگای ئاسـایی پەیرەوکراوە بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، پلان دانرا بەمەبەسـتی باشـتر دارِشـتنی پلانەکە و مسـۆگەرکردنی سـەرکەوتنی ئەزمونەکە، توێژەر نمونەی پلانێکی بۆ هەردو کۆمەڵەکە دابە کۆمەڵێک لە شـارەزایان و پسـپۆرانی رێگاکانی وانەوتنەوە، پاشـکۆی ژمارە(١)، بۆیە توێژەر هاوکێشـەی جیکۆپەر(J.Cooper Formula)بەکارهێناو بەرِێژەی(٩٠٪) بەرەو سەرەوە رای پسپۆران و شارەزایانی بەدەستهێنا دوای گەرانەوەی پلانەکان چەند گۆڕانکارییەکی زۆر کەم ئەنجامدرا.

$$\text{جی کۆپەر=رێژەی رێککەوتن} = \frac{\text{ژمارەی جارەکانی رێککەوتن}}{\text{ژمارەی جارەکانی رێککەوتن + ژمارەی جارەکانی رێکنەکەوتن}}$$

(الوکیل، والمفتی، ٢٠٠٥، ٢٢٦).

**حەوتەم: ئامرازەی توێژینەوەکە:** بۆمەبەسـتی بەدیهێنانی گریمانەو ئامانجی توێژینەوەکە توێژەریەک ئامرازی ئامادەکرد ئەویش (دەستکەوتی خوێندن) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

تاقیکردنەوەی دەسـتکەوت بریتییە لە کۆمەڵێک پرسـیارلە بابە تێکی ئەکادیمی دیاریکراودا کە داوا لە فێرخواز دەکرێت وەڵامی بداتەوە بەمەبەسـتی دەسـتنیشـانکردنی بری ئەو زانیاری و لێهاتوییانەی کە بەدەسـتیهێناوە بە پێوەرێک دادەنرێت بۆ دیاریکردنی پلەی دەستکەوتەکە.(محمود، ٢٠٠٦، ١١٨). توێژەر تاقیکردنەوە کەی بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئامادەکرد:-

**أ -دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوەکە لەڕوی بوارەکانی بەکارهێنانی و ئەو کۆمەڵگەییە کە بریارە بۆی جێبەجێبکرێت،گرنگییەکی زۆری هەیە ئە گەر مەبەسـت لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکە بۆ بەدەسـتهێنانی داتای وردبێت، ئەوا پێویسـتە شـێوازی ئاماری و تەکنیکی بەکاربهێنرێت کە ئەم مەبەسـتەبەدی بێهێنێت.(مجید،٢٠١٤، ٧٠). ئامانجی تاقیکردنەوەی دەسـتکەوتی خوێندن لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە نێوانی دەستکەوتی خوێندنی قوتابیانی هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەبابەتی مێژو لە چوارچێوەی پەرتوکی مێژوی قوتابیانی پۆلی یازدەمی و ێژەیی لە قوتابخانەی ئارینکۆی کچان.

**ب-دیاریکردنی ئاستەکانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەپێی هەرەمی بلۆم بریتین لە:**

توێژەر ئاستەکانی دیاریکرد بەپێی هەرەمی بلۆم بۆ چوار ئاست (بیرهێنان- تێگەیشتن – جێبەجێکردن- شیکردنەوە )

**ج-ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەند**

لەپێداویستییەکانی ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندییە کە ئامانجەکان و ناوەڕۆکەی لەلایەکەوە بەیەکتریەوە دەبەستێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەی ئەو برگانە تاقیکردنەوەکە لەخۆیانی دەگرێت، خشتەی تایبەتمەندی بەکۆلەکەی بنەڕەتی دادەنرێت کە توێژەر لەتاقیکردنەوە پشتی پێدەبەستێت بەتایبەتی لەدۆزینەوەی ئاستی ڕێکخستنی ناوخۆیی تاقیکردنەوەکە و ئاستی لەخۆگرتنی ئەو بابەتانەی دەخرێنەڕو، ئەمەش بەڵگەی دروستی ناوەکی تاقیکردنەوەکەیە(عبدالهادی، ٢٠٢٠، ١٠٧).

توێژەر بەئامانجی ئەوەی هاوسەنگی لە تاقیکردنەوەکەدا بەدەستبهێنێت و دڵنیابێت لەوەی کە نمونەکە نوێنەرایتی ئامانجەکانی وانەوتنەوەو ناوەڕۆکی ئەو بابەتە ئەکادیمیە دەکات کە مەبەست لێی پێوانەکردنی دەستکەوتەکانە، توێژەر نەخشەی تایبەتی ئامادەکردوە بەپێی ئەو پرۆگرامە پەروەردەییە کە بۆ بەندی چوارەم و پێنجەم ئامادەکراوە لە کتێبی مێژونوێ و هاوچەرخ دانراوە بۆ پۆلی یازدەمی ئامادەیی بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ز چاپکراوە. لەسەر بنەمای ئاستەکانی بلۆم (بیرهاتن، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە)، لەبەرئەوە لەژێر ڕۆشنای ژمارەی لاپەڕەکان بۆ هەر بەشێکی خوێندن بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە: گرنگی کێشی- ڕێژە یی و ژمارەی پرسیارەکان بۆ هەر ئاست و بابەتێک و قورسایی ڕێژەیی ئامانجەکانی هەر بابەتێک بەم شێوەیە دەرهێنراوە:

**أ-دیاریکردنی گرنگی کێشی ڕێژەیی بابەتەکانی خوێندن**

کێشی ڕێژەی بایەخی بابەت = (ژمارەی لاپەڕەکانی بابەت ÷ کۆی گشتی ژمارەی لاپەڕەکان) ×١٠٠

**ب-دیاریکردنی گرنگی ڕێژەی ئاستی ئامانجە ڕەفتارییەکان بۆبابەتەکانی خوێندن**

ڕێژە یی گرنگی هەرئاستێک= (ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بۆهەرئاستێک ÷ ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان) ×١٠٠

**ج -دوای دیاریکردنی ژمارەی پرسیارەکان بە(٥٠)پرسیار، ئەم پرسیارانە لە هەرخانەیەکدا بەپێی ئەم هاوکێشەیە دابەشکراوە:**

ژمارەی پرسیاری بابەتەکە =ژمارەی گشتی پرسیارەکان×کێشی- ڕێژەیی بایەخی بابەت×کێشی- ڕێژەیی ئامانجەکانی بابەت.(مجید، ٢٠١٤، ٢٦٥-٢٦٧ ).

خشتەی ژمارە(٨) نەخشەی تاقیکردنەوە(جدول مواصفات)

| بابەتەکان بەشی | ژمارەی لاپەڕەکان | کێشی ڕێژەیی سەدی بایەخی بەش ٪ | کێشی ڕێژەیی گرنگی ئامانجەکان | | | | ژمارەی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەتشتن | جێبەجێکردن | شیکردنەوە | |
| | | | ٪ ٣٨ | ٪ ٣٢ | ٪١٢ | ٪١٨ | |
| چوارەم | ٣١ | ٪٤٣ | ٨ | ٧ | ٣ | ٤ | ٢٢ |
| پێنجەم | ٤١ | ٪٥٧ | ١١ | ٩ | ٣ | ٥ | ٢٨ |
| کۆی گشتی | ٧٢ | ٪١٠٠ | ١٩ | ١٦ | ٦ | ٩ | ٥٠ |

**د- دانانی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

توێژەر پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی لەسەر بنەمای جۆری فرە هەڵبژاردن لە جۆری وەڵامی کورت هەڵبژاردوەکە بەگشتگیری و بابەتییەتی ڕێژەیی تایبەتمەندە، جۆری تاقیکردنەوەکانی ئامانجی فرەهەڵبژاردن کە سەرنجیان لەسەر پێوانەکردنی ئاستی (بیرهاتن، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە)، دانا کە ژمارە یان(٥٠) پرسیار بو، دوای ئەوەی خستییە بەردەستی

پســـپۆڕان و پەروەدەکاران و پســـپۆڕانی تایبەت بە مێژوی نویٛ و هاوچەرخ دوای وەرگرتنی ســـەرنج و تێبینیەکانیان، توێژەر پرســـیارەکانی بۆ شـــێوەی کۆتایی ڕێکخســـتەوە و جێگیری کرد بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە ســـەر کۆمەڵگای توێژینەوە، وەکو تاقیکردنەوەی پەیپێبردن پێش ئەنجامدانی لەسەر هەر دوگروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو.

**هـ-ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوەی برگەکانی تاقیکردنەوە**

ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان بیرۆکەیەک دەداتە تاقیکراوەکە سەبارەت بە تاقیکردنەوە درێژەکان، واتا ژمارەی بابەتەکانی پێکهێنەری و ئەوکاتەی بۆی تەرخانکراوە بۆیە دەبێت ڕێنماییەکان بەزمانێکی نەرم و دروست و ڕون و سادە و کورتبن و بە وردی ڕونبکرێتەوە. ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

**أ-ڕێنمایی وەڵامدانەوە**

لە پێشەکی پرسیارەکاندا، توێژەر ڕێنماییەکانی پێسکەش بە قوتابیان کردبۆ ڕونکردنەوەی تاقیکردنەوەکە، داوای لێکردن کە وەڵامی پرســـیارەکانی تاقیکردنەوەکە بدەنەوە بەبیٛ ئەوەی هیچ کام لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە بەجێبهێڵرێت بەم شـــێوەی خوارەوە: زانیاری لەســـەر هەرقوتابییەک بنوسرێت وەکو ناو، پۆل، هۆبە، ڕاســـتە و خۆ لەســـەر وەرە قەی تاقیکردنەوەکە وەڵام بدەرەوە، پابەندبون بەکاتی دیاریکراوی تاقیکردنەوەکە، دڵنیابە لە وەڵامدانەوەی هەمو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە.

**ب-هەڵەچنینی  تاقیکردنەوە**

بۆ ئەوەی ببێتە پرســـیاری تاقیکردنەوەکە، توێژەر ئەو میکانیزمەی دیاریکردوە بۆ ڕا ســـت کردنەوەی هەر پرســـیارێکی بەکارهاتو پشکنینە کە بەم شێوەیە:

بۆ هەر پرسـیارێک چوار بژاردەی پێشـکەشـکردوە، یە ک وەڵامی ڕاسـت لەو بژاردانە هەڵدەبژێردرێت و بۆ وەڵامی هەر پرسـیارێک (یەک نمرە )بەدەســـتدەهێنێت و لەکاتی وەڵامدانەوەی بە دروســـتی، هەروەها (ســـفر ) وەردەگرێت لە کاتی وەڵامدانەوەی بە نادروستی یان وازلێهێنراو.کۆی گشتی نمرەکانی تاقیکردنەوە دەگاتە(٥٠ )نمرە.

**هەشتەم: ڕاستێتی(صدق) دەستکەوت**

**أ-ڕاستی و دروستی ڕوکەش**

دەکرێـت نمرەو پلەی دروســـتی ڕوکەشی تـاقیکردنەوەکە لە گونجـان و ســـازانی نێوان مەزنـدەو خەمڵانـدنی دادوەران هەڵبسـەنگێندرێت و بنرخێندرێت.(ابوالدیار، ٢٠١٢، ٣٠). توێژەر بەمەبسـتی بەدەسـتهێنانی ڕاسـتگۆی ڕاوڵەت تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن و چەند پسپۆڕێکی بواری مێژو بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچونەکانیان لەسەر ڕواڵەتی برگەکانی تاقیکردنەوەکەو ئاستی گونجانی تاقیکردنەوەکە، دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی شـــارەزایان و پســـپۆڕان. چەند گۆڕانکارییەکی کەم لەهەندیٛ لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە لەڕوی دارشـــتنی زمانەوانیەوە ئەنجامدرا ڕێژەی ڕازی بون بۆ هەر برگەیەک لەتاقیکردنەوە(٩٠٪) زیاتر بو بەیاســـای (جی کۆپەر)کە ئەمەش پێوەرە بۆ پەســـەندکردنی برگەکانی تاقیکردنەوەکە.

**ب-ڕاستی و دروستی ناوەڕۆک**

بۆ ئەوەی ئاستی ناوەڕۆک پەیوەست بێت بەلایەنەکانی پێوانەکردن پێویستە ناوەڕۆکی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەڕونی بپشکنین، بە مەبەســتی دیاریکردنی ئەو لایەنە ڕەفتاریانەی پێوانەیان دەکەین و بەراورد بەڕەهەندە گشـتییەکانی ڕەفتاربکەین.(قادر، ٢٠٢٠، ١٥٧).توێژەر لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە ڕاســـتی ودروســـتیە کرد لەڕێی ئەو ڕێکاریـانەی کەئەنجـامی داوە لەدارشـــتنی ئـامـانجە ڕەفتارییەکان، لەژێر ڕۆشـــناییەکەیدا ئامادەکردنی خشـــتەی تایبەتمەند لەلایەک و بنیاتنانی برگەکانی تاقیکردنەوەکە لەلایەکی تر، پاشان نیشاندانی بەکۆمەڵێک لەشارەزایان وپسپۆڕان بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچونیان.

**ج-ڕاستی و دروستی بینا**

توێژەر لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە ڕاسـتی ودروسـتیە کرد بەشـیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ زانینی ئاسـتی گرانی و ئاســـانی و هێزی جیاکردنەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەکە، هەربۆیە توێژەر ئاســـتی گرانی و ئاســـانی و هێزی جیاکردنەوەی برگەکانی کارای جێگرەوەی هەڵە بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەکەی دەرهێنرا، بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە لەڕوی بیناوە بەڕاستگۆ دادەنرێت.

**نۆیەم: ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەسەر نمونەی ڕاپرسی:**

توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر نمونەیەکی ڕاپرسی جێبەجێکرد کە پێکهاتبولە (٣٠) قوتابی پۆلی یانزەی ئەدەبی لە قوتابخانەی ئامادەیی (بینایی کچان)، بە هاوکاری مامۆستای بابەت ئەنجامدا توێژەر ئاماژەی بەوەدا کە ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکان ڕونن و دور لە ناڕونی بون، کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکە ئەویش لەڕێگەی تۆمارکردنی کاتی وەڵامدانەوەی قوتابی یەکەم و وەڵامدانەوەی کۆتا قوتابی لە قوتابیانی نمونەی ڕاپرسیەکە .

تویژەر بەبەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە تێکڕای ژمێریاری کاتی تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا:

تێکڕای ژمێریاری کاتی تاقیکردنەوەکە = (وەڵامدانەوەی یەکەم قوتابی + وەڵامدانەوەی قوتابی کۆتایی) / ٢

(٤٤+٣٦) / ٢ = ٨٠ / ٢ = ٤٠ لە ئەنجامدا دەرکەوت کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (٤٠)خولەکە

**شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە**

توێژەر تاقیکردنەوەکەی بۆ نمونەیەکی شیکاری ئاماری(١٠٠) فێرخواز پۆلی یازدەیەم لەقوتابخانەی ئامادەیی (بینایی ولاڤان بۆ کچان) جێبەجێکرد دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامەکانی فێرخوازان، توێژەر نمرەکانیانی بە ڕێکوپێکی دابەزاندو ڕێکی خست و دابەشی کردبۆ دو بەشی گروپی بەرز(٢٧٪) و گروپی نزم (٢٧٪)بۆهاوسەنگی لە نێوان هەردو گروپی نمونەی توێژینەوەکە ژمارەی قوتابیان گە یشتە (٥٤) واتە(٢٧) قوتابی بۆ هەر گروپێک، توێژەر بۆشیکردنەوەی ئاماری بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی، و هێزی جیاکەرەوە بۆ بڕگەکانی، کاریگەری جێگرەوەی هەڵەکان بۆ بڕگەکانی هەڵبژاردن، جێگرەوەی دەرهێنا بەم شێوەی خوارەوە:

**أ-هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکان**

فاکتەری گرانی واتە ڕێژەی سەدی ئەوکەسانەی کە نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیارەکە بەدروستی بدەنەوە. (مرادو سلیمان، ٢٠٠٥، ٣٥١). بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاستی گرانی بۆ بڕگەکان دەرکەوت کە ئاستی گرانی بڕگە جەو هەربیەکان لە نێوان (0.40بۆ 0.87)دایە. هەمو بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە جگە لە بڕگەکانی (٦- ٨-١١-١٦-١٨-٢٩-٥٠) هاوکۆلکەی گرانیان کەمتر بو لە ڕێژەی سەدی پەسەندکراو بۆیە لابردران.

(Bloom,1971) ئاماژە بەوە دەکات کە بابەتی تاقیکردنەوەکە بە قبوڵکراو دادەنرێت ئەگەر سەختیەکەی لە نێوان( ٠٫٢٠- ٠.٨٠ )دابێت، دەزانرێت کە پەیوەندی لە نێوان ئاسانی و گرانی بڕگە هەیە وەکو فاکتەری ئاسانی بڕگە- ١=فاکتەری گرانی بڕگە =١-ئە نجامی فاکتەری ئاسانی.(Bloom,1971, 66).

**ب-هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان**

هاوکۆلکە جیاکاری ئەمەش مانای ئەوەیە کە بڕگە کە توانای جیاکردنەوەی وەڵامی قوتابیانی گروپی بەرزو نزم(قوتابیانی باش و لاواز)بە واتایەکیتر ئەو بڕگە توانای جیاکردنەوەی جیاوازی تاکەکەسی هەیە لە نێوان ئەوکەسانەی وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها لە نێوان ئەوانەی کە وەڵامی دروستیان نەداوەتەوە لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت. پسپۆڕانی دەرون پێوانەیی و دەستکەوتەکان پشتڕاستیان کردەوەکە ڕێژەی جیاکاری بڕگەکان دو سودی گرنگی هەیە کە بریتین لە دەستنیشانکردنی جیاوازی تاکەکەسی لەنێوان کەسەکاندا لە ڕوی دەستکەوتەوە کە بڕگەکان ڕونی دەکەنەوە.(الیعقوبی، ٢٠١٣، ١١٠). توێژەر پشتی بە پێوەری( Eble)بەست بۆ جیاکردنەوەی بڕگەکان کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە( ٩) پێوەری(Eble)بۆ بەراوردکردنی هێزی جیاکاری و بڕیاردان لەسەر بڕگە

| بەهای هاوکۆلکەی جیاکاری | هەڵسەنگاندنی بڕگە |
|---|---|
| 0.19 و کەمتر | ئەم بڕگانە لاوازن و دەبێت لە پێوانکارەکە دوربخرێنەوە |
| 0.20 ___0.29 | ئەم بڕگانە لەسەر هێڵی سورن و پێویستیان بەدەستکاری و گۆڕانکاریکردن هەیە |

| | |
|---|---|
| 0.30___0.30 | تاڕادەیەکی باش بڕگەکان باشن و قبوڵکراون |
| 0.40 و زیاتر | بڕگەی زۆر باش دادەنرێ و دەپارێزرێت |

پاش بەکارهێنانی هاوکێشـــەی هاوکۆلکەی جیاکەرەوە ئەنجامەکان بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لەجۆری هەڵبژاردن لە نێوان (0.11بۆ 0.74) بو بەم ئەنجامەش توێژەر بۆی دەرکەوت کە ئەو بڕگانەی هاوکۆلکەی جیاکارییان لە(0.11 بۆ 0.22) بو ژمارەیان گەیشـــتە (٧) بڕگە دورخرانەوەو بڕگەکانی تـاقیکردنەوە لەشـــێوەی فۆرمی کۆتـایـدا خۆی بینیەوە لە(٤٣) بڕگە و ئـامـادەکرا بۆتاقیکردنەوەی کۆتایی دەسـتکەوت. (Ebel,1972) زۆربەی پسـپۆڕان وشـارەزایانی بواری پێوانەوهەڵسـەنگاندن ئاماژە بەوە دەکەن کە پلەی جیاکاری قبوڵکراوە لە(٠,٢٠) وسەروترەوە دەست پێدەکات.(Ebel,1972,P40).

## ج-هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوەی هەڵەکان

ئەم شـــیکارییە ئامانجیەتی جێگرەوە هەڵەکانی بابەتی تاقیکردنەوە بە دیاریبخات.(علام، ٢٠٠٠، ٢٩١). جێگرەوەی هەڵە کاتێک کاریگەرە کە زۆرترین ژمارەی فێرخوازان لەگروپی نزم وەکوجێگرەوەی دروســـت هەڵبژێرێت، لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی کەمی فێرخوازان لەگروپی بەرز هەڵیان بژاردبێت.(عزام وئەوانی تر، ٢٠١٧، ٨٢). توێژەردوای ئەنجام دانی شـــیکردنەوە ئامارییەکە، ژمارەی فیرخوازە کچەکانی گروپی بەرزونزمی دیاریکرد،دەرکەوت کە سـەرنجی فێرخوازانی گروپی نزم زیاترە لەفێرخوازانی گروپی بەرز بۆ جێگرەوە هەڵەکان بەبەکارهێنانی هاوکێشـــەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان، ڕێژەی ســـەدی هەژمارکراو بۆجێگرەوەکان و بۆ هەمو بڕگە نەسڕاوەکان ئاماژەیان بەوەکردوەکە جێگرەوە هەڵەکان هەمویان باشن وکاریگەرن، ئەمەش پێویستی بە هێشتنەوەیان هەیە وەکو خۆیان بەبێ گۆڕانکاری.

## دەیەم:جێگری تاقیکردنەوە

توێژەرتـاقیکردنەوەکەی بەکارهێنـا بۆ نمونەیەکی ڕاپرسی کە پێکهـاتبو لە(٤٠)قوتـابیکچ لە دەرەوەی نمونەی توێژینەوەکە لە قوتابخانەی ئامادەیی (بینایی بۆکچان)، و متمانەپێکراوی جێگیری تاقیکردنەوەکە بەشێوە الفاکرۆنباخ دەرهێنرا:

## ڕێگای الفاکرۆنباخ

ئەم شێوازە بەهەمان شێوە لەگەڵ بڕگە بابەتییەکان دەگونجێت، ئەم شێوازە بە یەکدەنگی و وردی ئەنجامەکانی جیادەکرێتەوە بەحیسابکردنی پەیوەندی نێوان هەربڕگەیەک لەبڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە سەربەخۆ بون، و ڕێژەی جێگیری نوێنەرایەتی تێکڕای ئەم پەیوەندییانە دەکات کە ئاماژەیە بۆ پلەی یەکســانی نێوان بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە .(عودە، ٢٠١٠، ٣٥). ڕێژەی متمانەپێکردن بەهاوکێشـــەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ پێوانەکردنی جێگیری تاقیکردنەوەکە گەیشـــتە (٠,٨٧)کە ڕێژەیەکی باشـــەو بەمجۆرە تاقیکردنەوەکە ئامادە بـو بۆئەوەی لەفۆرمی کۆتاییدا وەک پێکهاتەیەک جێبەجێبکرێت کە لە(٤٣ )بڕگەی تاقیکردنەوە.

## یازدەم:جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بەشێوەی کۆتایی

دوای ئەنجامدانی هەمو چارەســـەرە ئامارییەکان، لەوانەش شـــیکردنەوەی بابەتەکان ودۆزینەوەی هاوکۆلکەی گرانی و فاکتەری جیاکاری، وە دوای ئەنجامدانی ڕاسـتگۆیی متمانە پێکراوی بابەتەکانی تاقیکردنەوەی دەسـتکەوت، تاقیکردنەوەکە ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان، کە پێکدێت لە(٤٣) بڕگە وچوارئاسـتی مەعریفی کە پێشـتر ئاماژەی پێکراوە دیاریکران و ماوەی(٤٠)خولەک بۆ کاتی وەڵامـدانەوەکە دانرا و توێژەر لاپەڕەیەکی تـایبەتی بۆ وەڵامەکان ئـامـادەکرد، کاتی ئەنجـامـدانی تـاقیکردنەوە لەبەرواری ٢٠٢٥/٥/١١ بەهاوکاری ستافی خوێندنگە و مامۆستای بابەتی مێژو ئەنجامدرا.

## دوانزەم: هۆکارە ئامارییە بە کارهاتوەکان

توێژەر هەگبەی ئاماری(SPSS) بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە.

## بەشی چوارەم: خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنیان

- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاســـتی(٠,٠٥)لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمونگەری کە ســـتراتیژی(LRD)لە بابەتی مێژو دەخوێنن و ناوەندی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان وانە بەڕێگای ئاســـایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی .

بۆ پشـــتڕاســـتکردنەوەی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەنـدی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە دەســـتکەوتی خوێندن دەرهێنا، پاشـــان تاقیکردنەوەی تایی (T-test)ی بۆ دو نمونەی ســـەربەخۆ بەکارهێناو ئەنجامەکان لە خشتەی خوارەوە هاتوە.

خشتەی( ١٠ )خستنەڕوی ئەنجامی T.test لەنێوان کۆمەڵەکان بۆ تاقیکردنەوەی دەسکەوتی خوێندن

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نمونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە گریمانە | پلەی ئازادی | بەهای T.test بۆ دو نمونەی سەربەخۆ | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 20 | 30.90 | 2.732 | 21.10 | 38 | 2.558 | 2.042 | بەڵگەدارە* |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 27.85 | 4.580 | 21.10 | | | | |

لەخشـــتەی ســـەرەوەدا دەردکەوێـت، کە نـاوەنـدی ژمێرەیی بۆ گروپی ئەزمونی(30.90 )بوە،نـاوەنـدە ژمێرەیی بۆ گروپی کۆنترڵکراو(27.85) بوە، لادنی پێوەری بۆ گروپی ئەزمونی(2.732)بوە،لادانی پێوەری بۆگروپی کۆنترۆڵکراو( 4.580)بوە، توێژەر تـاقیکردنەوەی(T-test)ی بۆدو نمونەی ســـەربەخۆ بەکـارهێنـابۆ دیـاریکردنی گرنگی جیـاوازییـە ئـامـارییەکـان لـە ئـاســـتی بەڵگەداری(0.05)وبەپلەی ئازادی(38) بەهای تائی هەژمارکراو( 2.558)گەورەترە لە بەهای تائی خشـــتەیی( 2.042)، ئەمەش بەو مانایە دێت لە ڕوی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان تێکرای هەردوگروپی توێژینەوەکە لە دەســـتکەوتی خوێندن لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونی دایە. بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتە وەو گریمانەی جێگرەوە/دیلەکە قبوڵ دەکرێت کە ئەمەی خوارەوە دەخاتەڕو:

بۆ زانینی کارتێکەری قەبارەی کاریگەری وانەوتنەوە بەبەکارهێنانی ستراتیژی(LRD)توێژەر هەڵسا بەهەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری لەڕێگەی هەژمـارکردنی هەردو هـاوکێشـــەی ئیتـای دوجـا($n^2$)(Eta) و(D)(کوهین) بۆ دیـاریکردنی قەبـارەی کاریگەری گۆڕاوی ســەربەخۆ کە ئەویش ســتراتیژی(LRD)،ی لەســەر گۆڕاوی پاشــکۆکە دەســتکەوتی خوێندنە. بەم شــێوەی لەخشــتەی خوارەوە خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە(١١) نیشاندانی ئاست و قەبارەی کاریگەری

| بەهای (T) هەژمار کراو | ئامرازی بەکار هاتو | بەهای کاریگەری | ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری | | | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەژمار کراو | بچوک | ناوەند | گەورە | |
| 2.558 | $N^2$ | 0.147 | 0.01 | 0.06 | 0.14 | گەورە |
| | D | 0.809 | 0.20 | 0.50 | 0.80 | گەورە |

بەهـای قەبـارەی کـاریـگەری($N^2$):(0.01)بـچـوک،(0.06)مـامـنـاوەنـد،(0.14) گەورەیە، بەهـای قەبـارەی کـاریـگـە ری(d):(0.20)بچوک، (0.50) مامناوە ند،(0.80)گە ورەیە. (الدردیر ٢٠٠٦،ل ٧٩ - ٨٠).

بە پێداچونەوە بەخشـــتە ی(١١)ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەهای قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە ســـەربەخۆکە کە بەســـتراتیژییەتی (LRD)نوێنەرایەتی دەکرێت، لەســـەر گۆڕاوە پاشـــکۆکە کە بە دەســـتکەوتی خوێندن نوێنەرایەتی دەکرێت بەپێی هاوکێشـــەی ($n^2$)ئیتـادوجـا گە یشـــتە(0.147)،هەروەهـا بەپێی هـاوکێشـــەی(D)کوهین گەیشـــتـە( 0.809 )بەمەش بڕی قەبـارەی کاریگەرییەکەگەورە دەردەکەێت.

**تاوتوێکردنی ئەنجامەکان:**

ئەنجـامەکـان ئەوەیـان خســـتەڕو کەجیـاوازی مـانـاداری ئـامـاری لەئـاســـتی( 0.05)هەیە لەنێوان هەردو گروپی توێژینەوە لەتاقیکردنەوەی دەسـتکەوت و لەژێر ڕۆشـنـایی ئەم ئەنجامەش گریمانەی سـفری ڕەتدەکرێتەوە وگریمانەی جێگرەوەیی پەسـەند دەکرێت کە بونی جیاوازی لە نێوان هەردو کۆمەڵەکە دەردەخات بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی، توێژەر ئەنجامەکانی بەم شێوەیە شرۆڤەکرد:

– سـەرکەوتنی گروپی ئەزمونگەری کە وانەی مێژویان بەسـتراتیژیەتی(LRD)دەخوێند،لەسـەر گروپی کۆنترۆڵکراوکە هەمان وانەیان بەڕێگای ئاسایی وەرگرت؛ توێژەر هۆکارەکانی گەڕاندەوە بۆ:-

-وانەوتنەوە بە (سـتراتیژی گوێبگرە، بخوێنە وە، گفتوگۆبکە)(LRD)،لە فێرکردنی بابەتی مێژودا گونجاوبو، لەبەرئەوەی پێویسـتی بە هەندێک گفتوگۆ هەیە لەلایەن قوتابیانەوە بۆئەوەی لە بابەتەکان تێبگەن، بە تایبەتی کە وتارێکی پوختە لەســەر بابەتەکە هەیە، پێش گفتوگۆی قوتابیان دێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆتێگەیشـتنیان لە بابەتە کە بەتەواوی، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی دەستکەوتی ئەکادیمییان.

-وانەوتنەوە بەپێی سـتراتیژیەتی(LRD)کەشـێکی کارلێک لە نێوان قوتابیان و قوتابخانە لەلایەک و لە نێوان قوتابیە ئاسـاییەکان لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی ئەو وروژاندن و چالاکی و کار لێکەوە دروســت دەکات کە قوتابیەکان لە پۆلدا نیشـانیان دا، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبو لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتەکانیان لەبابەتی زانستی لە ناوپۆلدا.

-وانەوتنەوە بە(سـتراتیژی گوێبگرە، بخوێنە وە، گفتوگۆبکە)(LRD)، ئەو چەق بەسـتوییە یان ڕۆتینە دەشـکێنێت، لە ڕێگەی گۆڕینی شـێوازی دانیشـتنەکە یان کە بەشـێوازی گروپاتە، ئەمەش چێژی فێربون لە وانەکە زیاددەکات و بەمەش تەرکیزو بیرکردنەوەیان لەکاتی وانەکەدا دەهێڵێتەوەو زیاتردەکات.

-ئەم سـتراتیژییە وا لە قوتابی دەکات کە ببێتە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی و چالاک لە فێربوندا، لەکاتی بەشـداریکردن لە پێشکەشـکردنی بابەتی وانەکە و یارمەتی قوتابیە شەرمنەکان دەدات کە بەشداری بکەن لە گفتوگۆکان لەگەڵ هاوپۆلەکانیان یان وەک سەرکردەی گروپەکان.

-وانەوتنەوە بەم سـتراتیژییەتە یارمەتی دەربو بۆ ڕاگرتنی زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر، بەو پێیەی زانیارییەکان دەبیسـترێن، پاشـان دەخوێندرێنەوە و لە کۆتاییدا باسدەکرێن، ئەمەش لە بیرو هزری قوتابیدا باشتر دەمێنێتەوە.

**دەرئەنجامەکان**

لەژێرڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەر چەند دەرئەنجامێکی خستوەتەڕو کەگرنگترینیان بریتین لە:-

-ستراتیژی گوێبگرە، بخوێنەوە، گفتوگۆبکە، باشە بۆ بنیاتنانی زانیاری پێش وەختەی قوتابیان.

-دەرکەوت کەسـتراتیژی(LRD)،یە کێکە لەسـتراتیژییە فێربونی چالاک، کە بەکارهێنانی کاریگەرییەکی باشی لەسـەر قوتابیان هەیە و قوتابیان چێژ لە بەکارهێنانی ئەم شـێوازە وەردەگرن، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبو لە زیادکردنی دەسـتکەوتی خوێندن لەلای قوتابیانی پۆلی یازدەم لە بابەتی مێژو زیاتر لە شێوازی ئاسایی.

-ئاسـانکاری لە تێگەیشـتن لە ماددەکە، بەخسـتنە ڕوی سـتراتیژی وانەکە بەزیاتر لە شـیوازێک، کە جیاوازی تاکە کە سی لە نێوان قوتابیان لە بەرچاوەدەگیرێت، فێرخوازیش بەشـداری دەکات لە پێشـکەشـکردنی ماددەکە، حەماسـەتی قوتابیان بۆ خوێندن و توێژینەوە زیادیکرد کە لە ئەنجامدا ئاستی دەستکەوت و مانەوە بەرزدەکاتەوە.

-سـتراتیژی(LRD)،گونجاوە بۆ فێرکردنی بابەتی مێژو بۆ قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی و زۆر بە باشی و بە زویی دەتوانن لەگەڵی ئاوێتە و تێکەڵ ببن.

-سـتراتیژی(LRD)، قوتابی لە پۆلدا چالاککرد لە ڕێگەی بەشـداریکردن، وای لە قوتابی کرد ببێتە ناوەندی سـەرەکی فێربون لە پرۆسەی پەروەردەدا و بوە هۆی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان.

**ڕاسپاردەکان**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکەدا توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕو:

-بەشداری پێکردنی مامۆستایان لە هەردو ڕەگەز لەخولی گەشەپێدان لەسەرستراتیژییە مۆدێرنەکان و ناساندنی پێیان، لە وانەش ستراتیژی (گوێبگرە، بخوێنە وە، گفتوگۆبکە)(LRD).

-سودی بۆ سەر پەرشتیاران هەیە لە پرۆسەی پەروەردەوە بۆ ئەوەی سود مەندبن لەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتوە سەبارەت بەشێوازەکانی فێرکردنی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی بەگشتی ومێژو بە تایبەتی.

-زانیاری ئاراستەی مامۆستایان بکرێت لەسەر ستراتیژو شێوازە مۆدێرنەکان لە فێرکردنی بابەتی مێژودا، لە وانەش ستراتیژی(LRD)بۆ گەیاندنی زانیاری بەشێوەیەکی دروست بە قوتابیان، ئەو زەحمەتیانەی دێنە پێش مامۆستایانی بابەتی مێژو.

**پێشنیارەکان**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکەدا توێژە رپێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکات:

-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر بەپێی ستراتیژی(گوێبگرە، بخوێنە وە، گفتوگۆبکە)(LRD).لە بابەتەکانی ترو ئاستە جیاوازەکانی خوێندن.

-ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیژی(گوێبگرە، بخوێنە وە، گفتوگۆبکە)(LRD)،لەسەر بەدەستهێنانی گۆڕاوەکانی تر لە بابەتی مێژودا وەکو(هاوسۆزی مێژوی و، مانەوەو بە دەستهێنانی چەمکە مێژوییەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، پاڵنە ر.......هتد).

-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکیتر لەسەر هەمان ستراتیژییەتی( گوێبگرە، بخوێنە وە، گفتوگۆبکە)(LRD)لەسەر ڕەگەزی نێرینە.

**سە رچاوە کان**


ابوالديار، مسعد،(٢٠١٢): القياس والتشخيص ندوى صعوبات التعلم، مكتبه الكويت الوطنيه اثناءالنشر، ط١،كويت.

ابوجادو، صالح محمد على،(٢٠٠٥): علم النفس التربوى،دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعه، ط١عمان -الاردن.

احمد، شێرزاد علی،(٢٠٢٢):کاریگەریی ستراتیژیی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پیشکەوتوەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپیدانی بیرکردنەوەی دور مەودا لە بابەتی مێژو لای خویندکارانی بەشی زانستە کومەڵایەتییەکان،(تێزی دکتۆرا بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان.

آل عبد الله، محمد بن محمود،( ٢٠١٢ ): المذاكرة الناجحة، كنوز للنشر والتوزيع،ط١، القاهرة - مصر.

أو تشيد دونا و آخرون،( ١٩٩٨): إعداد التلاميذ للقرن الحادي والعشرين، ترجمة: محمد نبيل نوفل، المركز العربي للتعريب والترجمة والتأليف والنشر، دمشق - سوريا.

بدر، احمد،(١٩٩٤): أصول البحث العلمى ومناهجة، المكتبة الاكاديمية، الدوحة، قطر.

التميمى، محمود كاضم محمود،(٢٠١٣): منهجيه كتابه البحوث والرسائل فى العلوم التربويه والنفسيه، دارصفاء للنشروالتوزيع، ط١،عمان.

الجمال، محمد عاطف،(٢٠١٩): التعلم النشط، المناهج وطرائق التدريس- زيدالخيكانى.

الدردير، عبدالمنعم احمد،(٢٠٠٦): الاحصاء البارمترى والا بارامترى فى اخيبار فروض البحوث النفسيه والتربويه والاجتماعيه، علاءالكتب للنشر والتوزيع، ط١، القاهره.

الرشدان، عبدالله و جعنينى نعيم جعنينى،(١٩٩٧): المدخل الى التربية والتعليم، دارالشروق للنشر والتوزيع، ط٢، عمان.

الزند، وليد خضر عباس،(٢٠٠٤): التصميم التهيه، سلسله لاصدارات اكاديميه التربيه الخاصه، ط١، الرياض.

الزوبعي، عبد الجليل إبراهيم والغنام، محمد احمد،(١٩٨١ ): مناهج البحث في التربية، مطبعة جامعة، ط١، بغداد.

زيتون، حسن حسين،(٢٠٠١): تصميم التدريس، عالم الكتب للنشر والتوزيع، ط٢، القاهره، مصر.

شاهين، عبدالحميد حسن عبدالحميد،(٢٠١٠): استراتيجيات التدريس المتقدمه و استراتيجيت التعلم وانماط التعلم، ب ط، كليه التربيه بدمنهور، جامحه الاسكندريه.

شحاته، حسن، النجار، زينب،(٢٠٠٣): المصطلحات التربويه النفسيه،الدارالمصريه اللبنانيه، ط١، مصر.

الشربينى، زكريا احمد، وصادق، يسيريه والنجار، علاءوهشام، سامى،(٢٠١٢): مناهج البحث العلمى: الاسس النظريه والتطبيقيه والتقنيه الحديثه، دارالفكر العربى للنشر والتوزيع، ط١، القاهره، مصر.

الشمرى، ماشى بن محمد، (٢٠١١):١٠١استراتيجيه فى التعلم النشط، وزاره التربيه والتعليم، المملكه العربيه السعوديه.

الشمرى، ماشى بن محمد، (٢٠٢٢): استراتيجيه فى التعم النشط، وزاره التربيه والتعليم، المملكه العربيه السعوديه.

عبد الوهاب، بلقيس جبار ( ٢٠٠٨): أثر استعمال الأسئلة في تحصيل طالبات الصف الرابع العام في مادة التاريخ، رسالة ماجستير (غير منشوره)، جامعة بغداد ابن رشد، بغداد العراق.

عبدالرحمن، انور حسـين، وعدنان حقى شـهاب، زنگنه،(٢٠٠٧): الانماط المنهجيه وطتبيقاتها فى العلوم الانسـانيه والطتبيقيه، مطابع شركه الوفاق، بغداد، العراق.

عبدالهادى، نبيل،(٢٠٢٠): المدخل الى القياس والتقويم التربوى واستخدامه فى المجال، التدريس الصفى، داروائل للنشر، ط٢، عمان.

العبيدى، هـديل عبدالوهـاب،(٢٠١٠): فـاعليه برنـامج تعليمى مقترح فى تحصـــيل مـاده الجغرافيه وتنميه مهـارات التفكير الاستدلالى لدى طالبات الصف الاول المتوسط، اطروحه دكتوراه غير منشوره، كليه التربيه، ابن رشد، جامعه بغداد، العراق.

العجرش، حيدر حاتم فالح،( ٢٠١٣ ): إستراتيجيات وطرائق معاصرة في تدريس التاريخ ط١، مؤسسة دار الصادق الثقافية للطبع والنشر والتوزيع، الحلة العراق.

عزام، عبدالمرضى حامد،وآخرون،(٢٠١٧): اســاســيات الاســتدلال والتنبوء الاحصــاء، دارالتعليم الجامعى للطباعه والنشر التوزيع،ط١،مصر.

العساف، صالح بن حمد،(٢٠٠٦ ): المدخل الى بحث في العلوم السلوكية، مكتبة العبيكان، ط٤، الرياض.

عطيه، محسن على(٢٠١٦): التعليم انماط ونماذج حديثه، دارصفاء، عمان.

علام، صلاح الدين محمود،(٢٠٠٠): القياس والتقويم التربوى و النفسى اساسياته وتطبيقاته وتوجهاته المعاصره، دارالفكر العربى، ط١، القاهره.

عوده، احمدسليمان،(٢٠١٠): القياس والتقويم فى العمليه التربيه، دار الاءمل للنشر والتوزيع، ط١، عمان.

عەوەز، عباس محمود،(٢٠١٢): دەروازە یە ک بۆ سایکۆلۆژیای گەشە، منداڵی – هەرزە کاری- پیری، چ١، ئەسکەندەر.

الفتلاوي، سهيلة محسن كاظم،( ٢٠٠٦ ): المنهاج التعليمي والتدريس الفعال، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط١،عمان – الأردن.

قادر، ڕەمەزان حەمە دەمین،(٢٠٢٠):پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپخانەی سایە، چ٢، سلێمانی.

القرشى، اعتماد محمد، (٢٠٠٤):آثر اســتخدام طريقه التعليم المبرمج على التحصــيل والاتجاه نحوالرياضــيات لدى تلميذات الصف الاول بمكه المكرمه، رساله ماجستير غير منشوره، كليه التربيه، جامحه ام القرى، مكه المكرمه.

قطاوي، محمد إبراهيم،(٢٠٠٧): طرق التدريس الدراسات الاجتماعية، دارالفكر العربي للنشر والتوزيع والطباعة، ط١، عمان.

مجيد، سوسن شاكر (٢٠١٤): اسس بناء الاختبارات النفسية والتربوية، مركز ديبونو لتعليم التفكير، ط٣، عمان، الأردن.

محمود، حمدى شاكر،(٢٠٠٦): البحث التربوى للمعلمين والمعلمات، دار الاندلس للنشروالتوزيع، ط٣، حائل.

محمود، شوقى حسائى،( ٢٠٠٩ ):تطوير المناهج رؤيه معاصره، المجموعه العربيه للتدريب والنشر، ط١، القاهره.

محمود،حمدى شاكر،(٢٠٠٥): التقويم التربوى للمعلمين والمعليمات، دار النشر والتوزيع، ط١، عمان.

مراد و سليمان، صلاح احمد، امين على،(٢٠٠٥): الاختبارات والمقاييس فى العلوم النفسيه والتربويه- خطواتها اعدادها و خصائصها، دار الكتاب الحديث، ط٢، القاهره.

ملحم، سامى محمد،(٢٠٠٠): القياس والتقويم فى التربيه وعلم النفس، دارالمسيره، ط٢، عمان.

ملحم، سامى محمد،(٢٠٠٢): مناهج البحث فى التربيه وعلم النفس،ط١، عمان.

ملحم، سامى محمد،(٢٠٠٩): مناهج البحث فى التربيه وعلم النفس، دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعه، ط٢، عمان.

الموسوى، نجم عبدالله، شرهان، رناجبار،(٢٠٢٠): التعلم النشط افكاره نظرياته واستراتيجياته، الدار المنهجيه للنشر والتوزيع، ط١،عمان .

اليعقوبى، حيدر،(٢٠١٣): التقويم والقياس فى العلوم التربويه والنفسيه رؤياتطبيقيه، مركز المرتضى للتنميه الاجتماعيه، بغداد.

BLOOM, BENJAMEN S, ET AL, (1971): Handbook on Formative and summative Evaluation of student Learning, New York: Mc GraW-Hill Companies, p66.

Ebel, R, (1972):Essentials of educational measurement, (New jersry, prentce Hall, p. 40).

Jevitsa Metra and Aualido Belinda(2011): Teaching Reading Comprehension in Report Text by Using Combining L-R-D(Listen-Read-DISCUSS) an (Fact- Question-Response) Strategy for Students of Junior High School.Sumatera Barata: Bahasa Iuggris, p2.

**پاشکۆی ژمارە(١) ناوی شارەزایان و پسپۆڕان**

| ژ | ناوەکان | شوێنی کارکردن | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. حامد مصطفى بلباس | ز. ســەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردەی جەســتەیی و زانستەوەرزشیە کان | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٢ | پ.د. فرهادعلی مصطفى | ز. سەلاحەدین- سە رۆکایەتی زانکۆ | ڕێگاکانی وانەوتنەوە- وەرزش |
| ٣ | د.جوان احمد حمد سعید | ز.سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٤ | پ.ی.د.کوردستان محمد ئازاد | ز. سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ڕێگاکانی وانەوتنەوە – جوگرافیا |
| ٥ | پ.ی.د. کارزان محمد عارف | ز. سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ڕێگاکانی وانەوتنەوە – زانستەکۆمەڵایەتی |
| ٦ | د. شێرزاد علی احمد | ز.گەرمیان- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ڕێگاکانی وانەوتنەوە-فەلسەفەی پەروەردە |
| ٧ | پ.ی.د.کریم احمد عزیز | ز. گەرمیان- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ڕێگاکانی وانەوتنەوە-پەروەردە و دەروونناسی |
| ٨ | پ.د. سلوا احمد امین | ز. سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | پێوانە و هەڵسەنگاندن |
| ٩ | پ.د.جبار احمد عبدالرحمن | زانکۆی کۆیە | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی |
| ١٠ | پ.ی.د. اشقی سلێمان حسۆ | ز. سەلاحەدین -کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی -زانستەکان |
| ١١ | پ.د. فراس اکرم سلیم | ز. سەلاحەدین –کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ١٢ | پ.د.ئاراس عبدالرحمن مصطفى | ز. ڕاپە ڕین-کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | مێژووی نوێ و هاوچەرخ |
| ١٣ | پ.د. بەختیار سعید محمود | زانکۆی سەلاحەدین -کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | مێژووی نوێ و هاوچەرخ |
| ١٤ | پ.ی.د. رضوان عارف عباس | ز. هەڵەبجە-کۆلێژی پەروەردە | مێژووی نوێ و هاوچەرخ |
| ١٥ | پ.د.حسێن سعدی ابراهیم | ز.سەلاحەدین- سەرۆکایەتی زانکۆ | ڕێگاکانی وانەوتنەوە- وەرزش |